زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سـەلاحـەددیـن – هـەولـێـر

كـۆلـێـژی ئاداب

بـەشـی كۆمـەڵـنـاسـی/ بەیانیان

قـۆنـاغی دووەم

# وانـەكـانـی بـابـەتـی؛ كۆمـەڵـنـاسـی خێزان

## مامۆستای بـابـەت:

## د. زەریا احمد طاهر

# بەشی یەکەم

## کۆمەڵناسی خێزان (علم اجتماع العائلة)

## یەکەم/ چەمکی کۆمەڵناسی خێزان (مفهوم علم اجتماع العائلة)

کۆمەڵناسی خێزان لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی، کە لە سەدەی بیستەم لە ساڵی چلەکان دامەزراوە دوای هەستکردن بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان خێزان و کۆمەڵگەدا هەیەو لەگەڵ زیادبوونی ئەو گرنگی و بایەخ و بەرپرسیاریەتیەی کە خێزان بەرامبەر بە تاك و کۆمەڵگە هەیەتی.

بۆیە ژمارەی پسپۆرو نوسەر لەم بوارە زیادی کردوو کۆمەڵێك نوسراو و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر لەبواری کۆمەڵناسی خێزان زیادی کرد. هەروەها ئەم زانستە هەڵسا بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردن و رێکخستن و شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بەخۆی. جگە لەمانەش کردنەوەی کۆمەلێك بەشی تایبەت بەم بوارە لەسەرجەم کۆلێژەکانی جیهان لەوانە (کۆلێژی لەندەن، پاریس، میونخ لە ئەڵمانیا، کۆلێژی فرانکفۆرت و سانفۆرد لە ئەمریکا) کە هاندەر بوون بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم زانستە.

بەڵام دەرکەوتنی ئەم زانستە لە وڵاتانی رۆژئاوا زۆر زووتر دەرکەوت بە بەراورد بە وڵاتانی عەرەبی، چونکە گرنگی بە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان دەدرا بەڵام بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی عەرەبی پشتگوێخرابوون توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و کۆمەڵناسی خێزان بە تایبەتی.

ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی لەوانە **یەکەم** دابەزینی پێگەی کۆمەڵایەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لایان. **دووەم** هەستیاری دراسەکردن و شیکردنەوەی ئەم بوارە. **سێیەم** کەمی پسپۆر لەم بوارو بابەتە کە ئەمەش کەمی کتێب و سەرچاوەو نوسراو لە بواری کۆمەڵناسی خێزان بەدوای خۆیدا دێنێت.

دەکرێ بڵێین کۆمەڵناسی خێزان بە گرنگترین لق لە لقەکانی کۆمەڵناسی هەژمار دەکرێ چونکە ئەم زانستە هەستیارترین دامەزراوە دەگرێتە خۆی ئەویش خێزانە کە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ لەسەر شانیەتی لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

چەمکی کۆمەڵناسی خێزان چەندین ناساندن و شیکردنەوەی جیاوازی بۆکراوە لەوانە (کۆمەڵناسی خێزان دیراسەی بنەچەی کۆمەڵایەتی خێزان دەکات، و کاریگەری خێزان لەسەر کۆمەڵگاو بنیادی کۆمەڵایەتی).

ئەگەر ئەو پێناسەیە شی بکەینەوە لە دوو بڕگە پێکدێت برگەی یەکەم پێکدێت لە (**بنەچەی کۆمەڵایەتی خێزان**) بە واتای **کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی** دێت کە ئەمانەن:

١- باکگراوندی کۆمەڵایەتی و بنیادی چینایەتی خێزان:

واتە زانینی جۆری باکگراوندەکان بۆ ئەوەیە کە کاریگەریان دەرکەوێت لەسەر خێزان و کۆمەڵگا، کاریگەری جۆری باکگراوندەکان لەسەر وشیاری و بیروباوەرو داب و نەریت و پێوەرو بەهای تاکەکان دەردەکەوێت.

٢- ئاستی رۆشنبیری و زانستی خێزان:

هەموو خێزانێك خاوەنی ئاستێکی رۆشنبیری تایبەت بەخۆیەتی، ئەم ئاستەش دیاری دەکرێ بەهۆی ئەو زانیاری و شارەزایی و ئەزمون و بارودۆخەی کە خێزانەکە پێیدا تێپەر دەبێت، کە کاریگەری لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی تاکەکان دادەنێت.

٣- بیروباوەری ئاینی و سیاسی خێزان:

هەموو خێزانێك خاوەنی بیروباوەرێکی ئاینی و سیاسی تایبەت بە خۆیەتی کە کاریگەری لەسەر پەیوەندی و هەڵس و کەوتی رۆژانەو چۆنیەتی گونجان و جێگیربوونی تاکەکانەوە هەیە بە کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە.

٤ـ بارودۆخی ئابووری خێزان:

ئەمەشیان دەستنیشان دەکرێ بەهۆی پیشەی سەرەکی خێزان و سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانیان کە کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانیان دەبێت و لەگەڵ هەڵس و کەوتی تاکەکان دەبێت، لێرەدا پێویستە لەسەر خێزان هاوسەنگیەك بكات لە نێوان ئەو داهاتەی دێتە دەستی و ئەوەی سەرف دەکات.

٥ـ چالاکی خۆشگوزەرانی خێزان:

مەبەست لەو چالاکیانەیە کە ئەندامانی خێزان پێوەی خەریك دەبن لە کاتە بەتاڵەکان، کەواتە دەبێت خێزان ئەو هەڵە بقۆزێتەوە لە پێناو بنیادنانی کەسایەتیەکی تەندروست بۆ تاکەکانی ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو کاتە بەتاڵانە بە چالاکی سوودبەخش بۆ ئەندامانی خێزانەکەی.

٦ـ گرفتی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی خێزان:

واتە ئەو گرفتانەی کە رۆژانە رووبەروی خێزان دەبێتەوە، پێویستە خێزان سەرەتا هەڵبستێت بە دەستنیشانکردنی گرفتەکەو دیاریکردنی هۆکارەکان و کاریگەری ئەم گرفتانە لەسەر خێزان و دواتر چارەسەر کردنیان.

هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسکران بەواتای بنەچەی کۆمەڵایەتی خێزان دێت کە کۆمەڵناسی خێزان دیراسەیان دەکات.

بەڵام برگەی دووەمی پێناسەکە پێکدێت لە (کاریگەری خێزان لەسەر کۆمەڵگاو بنیادی کۆمەڵایەتی).

ئەمەش واتە کاریگەری هەریەك لەم هۆکارانە بە رێژەو ئاستی جیاواز لەسەر کۆمەڵگا دەردەکەوێت.

بە شێوازی تریش ئەم زانستە شیکراوەتەوە کە پێیان وایە (کۆمەڵناسی خێزان دیراسەی ئەو پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە لە نێوان خێزان و کۆمەڵگادا هەیە).

هەروەها شیکردنەوەیەکی تری ئەم زانستەش ئەوەیە کە دەڵێت (کۆمەڵناسی خێزان دیراسەی خێزان دەکات بە دیراسەیەکی کۆمەڵایەتیانە).

لە ئەنجامی ئەم پێناسانەوە دەکرێ بڵێین (کۆمەڵناسی خێزان ئەو زانستەیە کە گرنگی بە خێزان دەدات وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە میتۆدێکی زانستی، بابەتی، وەسفی و شیکاری لێی دەکۆڵێتەوە، بۆ زانینی سروشتی پێکهاتەو چۆنیەتی پەرەسەندن و بونیادی پەیوەندی و ئەرك و رێکخستن و کێشەکانی خێزان لەخۆ دەگرێ، چونکە هەوڵی دانانی پلانێك دەدات تا بە هۆیەوە کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو و تەندروست بنیاد بنێت).

## دووەم/ سروشتی کۆمەڵناسی خێزان (طبیعة علم اجتماع العائلة)

کۆمەڵناسی خێزان پێگەیەکی زانستی لە نێوان زانستەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی بزانین کۆمەڵناسی خێزان چ سروشتێکی هەیە ئەوا پرسیارێك دەکەین کە ئاخۆ کۆمەڵناسی خێزان سروشتێکی زانستی یاخود ئەدەبی هەیە، واتە ئایا بابەت و پسپۆریەکەی بابەتی زانستین وەك زانستی کیمیاو فیزیاو بیرکاری و زانستەکانی تر یاخود ئەدەبیە وەك زمان و ئەدەب و فەلسەفەو ئاین و منطق؟

وەڵامان بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کۆمەڵناسی خێزان بابەتەکانی تەواو زانستی نین و هەروەها تەواو ئەدەبیش نین، بەڵکو لەیەك کاتدا سروشتی ئەم زانستە تێکەڵە لە نێوان هەردوولادا واتە هەندێك لە خاسیەتەکانی زانست و هەندێك لە خاسیەتی ئەدەبی وەرگرتووە.

کەواتە **ئەم زانستە هەندێ تایبەتمەندی هەیە** کە دەیسەلمێنێت بابەتێکی زانستیە بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە سروشتێکی زانستی وەرگرتووە کە ئەمانەن:

١- کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی تیۆرییە (علم النظری):

چونکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تیۆرو یاسای زانستی کە ئامادەن بۆ شیکردنەوەو تەفسیرکردنی هەموو جۆرە دیاردەو کێشەو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کە بچێتە بواری

کۆمەڵناسی خێزانەوە، هەروەها ئەم تیۆرو یاسایانە لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانە بەدەست هاتوون کە پسپۆران لە بواری کۆمەڵناسی خێزان پێی هەستاون.

٢ـ کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی کەڵەکەبووە (علم التراكمی):

واتە ئەم تیۆر و یاسایانە ئامادەن بۆ زیادبوون کە لە ئەنجامی زۆری توێژینەوەوە بەدەست هاتوون کە پسپۆران لەم بوارەدا پێی هەڵساون، کەواتە زیادبوون و کەڵەکەبوونی ئەو تیۆرو یاسا زانستیانە دەیسەلمێنێت کە ئەم زانستە گەشەی سەندووەو کامڵ بووە بۆیە لە توانایدا هەیە هەموو ئەو دیاردەو کێشانەی کە تایبەتن بەم زانستەوە شرۆڤە بکات و شیبکاتەوە.

٣ـ کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی جێبەجێکارییە (علم التطبيقي):

واتە ئەم کۆمەڵە تیۆرانە ئامادەن بۆ جێبەجێکردن لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی و خزمایەتی و هاوسەرگیرییەوە، واتە چارەسەرکردنی هەموو کێشە خێزانیەکان.

بە هۆی ئەم سێ خاسیەتەوە کۆمەڵناسی خێزان نزیك دەبێتەوە لە زانست و میتۆدی زانستی.

**هەروەها ئەم زانستە تایبەتمەندی ئەدەبیشی هەیە** بۆیە نزیك دەبێتەوە لە بابەتی ئەدەبیش بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە سروشتێکی ئەدەبیش وەردەگرێت:

١ـ ئەو هۆکار و گۆڕاوانەی کە کۆمەڵناسی خێزان پشتیان پێ دەبەستێت لە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی دیاردەو پرۆسەکانی تایبەت بەخۆی زۆرو جۆراوجۆرن. واتە ئەو هۆکارو گۆراوانەی کە ئەم زانستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات دیاریکراو نیە بەڵکو جۆراوجۆرە و پشت بە تاکە هۆکارێك نابەستێت وەك ئەوەی لە زانستە سروشتیەکاندا دەبینرێت، ئەم خاسیەتەش وای لەم زانستە کردووە کە ورد نەبێت (غیر دقیق) چونکە پشت نابەستێت بە پێوانەکردن (قیاس) کە ئەمە لە زانستە سروشتیەکاندا بە روونی بەرچاو دەکەوێت.

٢ـ کۆمەڵناسی خێزان مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، واتە دیراسەی رەفتاری تاکەکانی خێزان دەکات کە لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا دەخولێتەوە، ئاشکرایە کە دیراسەکردنی رەفتاری خێزانی و پەیوەندیەکان دیراسەیەکی وردو دقیق نابێت، واتە دیراسەکردنی مرۆڤەکان

کارێکی ئاسان نیە چونکە مرۆڤ خاوەنی عەقلێکە کە لە دوو لایەنی سەرەکی پێکدێت کە (عقلي ظاهري و باطنية) واتە هەستی و نەستی. بۆیە ئەوەی لە رەفتاری مرۆڤەکانەوە دەرئەکەوێت بەشێکی کەمیەتی کە لایەنە هەستیەکەیە بە بەراورد بەوەی کە دەرناکەوێت و شاراوەیە زۆر زیاترە کە لایەنە نەستیەکەیە.

## سێیەم/ ئامانجەکانی کۆمەڵناسی خێزان (اهداف علم اجتماع العائلة)

کۆمەڵناسی خێزان وەك زانستێکی سەربەخۆ کۆمەڵێك ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە پێناویدا هەوڵ دەدات گرنگترین ئامانجەکانیش ئەمانەن:

١- کۆمەڵناسی خێزان وەك زانستێك ئامانجی گرنگیدانە بە توندوتۆڵکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاك بە خێزان لە لایەك، و خێزان بە کۆمەڵگە لە لایەکی تر، واتە ئەم زانستە ئامانجی بەهێزکردنی دوو جۆر پەیوەندییە جۆرێکیان پەیوەندی ناوخۆییە کە لە نێوان تاکەکانی خێزاندا دەخولێتەوە، جۆرەکەی تری پەیوەندی دەرەکیە کە لە دەرەوەی تاکەکانی خێزان دەخولێتەوە.

٢- کۆمەڵناسی خێزان ئامانجی گرنگیدانە بە گەیاندن و پێدانی باشترین پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندن بە تاکەکان لە رێگەی پێدانی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانی بە خێزانەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوو تاکێکی هوشیارو تەندروست بنیاد بنرێت.

٣- یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم زانستە کەمکردنەوەی گرفتە خێزانیەکانە ئەویش یەکەم هەنگاو لە رێگەی دەستنیشانکردنی گرفتەکەوە دەبێت دواتر کۆکردنەوەی مەعریفە لەسەری و دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەم گرفتەو کاریگەرییەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی.

٤- ئامانجێکی تر ئەوەیە کە هەڵدەستێ بە دەرخستنی شوێنگەو پێگەو ئاست و پلەو پایەی خێزان لە کۆمەڵگا کە چەندە گرنگە ئەمەش لە رێگەی بەرزنرخاندنی توانا مادی و مرۆییەکانی خێزانەوە دەبێت بۆ تاکەکانی لە پێناو بونیادنانی کۆمەلگایەکی تەندروست.

٥- ئامانجێکی تری ئەم زانستە جێگیرکردن و دانانی سنورێکی زانستیە لە نێوان کۆمەڵناسی خێزان و خێزان وەك زانستێکی سەربەخۆ لەلایەك و لەلایەکی تریش لەگەڵ کۆمەڵگا، هەروەها روونکردنەوەی ئەو جیاوازییە سەرەکیانەی کە لە نێوان کۆمەڵناسی خێزان و سەرجەم لقەکانی تری کۆمەڵناسیدا هەیە وەك کۆمەڵناسی شارنشینی، لادێی، سیاسی، یاسایی، پەروەردەیی، پیشەسازی و ئاینی و هیتر.

٦- کارکردن لە پێناو زیادکردنی ژمارەی زاناو پسپۆران لە بواری کۆمەڵناسی خێزان ئەمەش لە رێگەی هاندانی تاکەکانەوە دەبێت بە خوێندنیان لە بەشەکانی کۆمەڵناسی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببنە پسپۆر لەم بوراە و کاربکەن لە پێناو جێگیرکردنی بنەما زانستیەکانی ئەم زانستەو گەشەپێدان بە میتۆدو زیادکردنی تویژینەوەی تایبەت بەم زانستە.

٧- کارکردن لە پێناوی زیادکردنی ژمارەی توێژینەوەو نوسراوی تایبەت بەم زانستە بۆ ئەوەی بتوانێت گەشە بکات و کامڵ بێت و توانای شیکردنەوەی هەموو جۆرە دیاردەو گرفتێکی تایبەت بەم زانستەوە هەبێت.

٨- پسپۆرانی کۆمەڵناسی خێزان ئامانجیان دابەشکردنی ئەم زانستەیە بۆ دوو لقی سەرەکی بەم شێوەیە: کۆمەڵناسی خێزانی تیۆری: کە گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی مەعریفەی تیۆری تایبەت بەم زانستە. بەڵام کۆمەڵناسی خێزانی پراکتیکی: گرنگی دەدات بە جێبەجێکردنی تیۆرەکان لەسەرگرفتە خێزانی و خزمایەتی و هاوسەرگیری و چارەسەرکردنیان لەم بوارە.

## چوارەم/ دەرکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵناسی خێزان (نشاة علم اجتماع العائلة و تطوره)

کۆمەڵناسی خێزان وەك لقێك سەربەخۆیی خۆی وەرگرت لە کۆمەڵناسی لە سەدەی بیست بوو، ئەم لقەش هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە گەڵ سەرجەم لقەکانی تری کۆمەڵناسی لە رووی سەربەخۆبوونیەوە.

دەکرێ گرنگترین ئەو مەرج و تایبەتمەندییە زانستیانە دەستنیشان بکەین کەوای لە کۆمەڵناسی خێزان کرد سەربەخۆی خۆی و شوێنگەو سروشتێکی زانستی وەربگرێ، بە واتەیەکی تر کۆمەڵێك هۆکار بوونەتە هۆی سەبەخۆبوونی ئەم زانستە کە ئەمانەن:

١- دەرکەوتنی گرنگی خێزان لە کۆمەڵگا بەگشتی و لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بە تایبەتی تر چونکە خێزان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان رۆڵێکی زۆر گرنگترو کاریگەرتر دەبینێت لە کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی کە تاکەکان رۆژانە رووبەرووی دەبنەوە بۆ ئەوەی تاکەکە بگونجێنێت و سەقامگیری بکات لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگاکەی.

٢- پتەوبوونی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان لە نێوان خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا وەك دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و رۆشنبیری و سیاسی و پەروەردەییەکان بە مەرجێك ئەم پەیوەندییە ببێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵناسی خێزان.

٣- زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کە خێزان رووبەرووی دەبێتەوە بە تایبەتی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لە ئەنجامی کۆمەڵێك گۆرانکاری و دیاردەوە کە ئەم کۆمەڵگایانە پێیدا تێپەر دەبن وەك دیاردەی (نویێ بوونەوە، بەشاریبوون، بە پیشەسازیبوون، جیهانگیری....) بۆیە ئەم زانستە هەوڵ دەدات بۆ کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی کاریگەری ئەم کێشانە لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا.

هەروەها هەندێ دیاردە هەبوون بۆ سەربەخۆبوونی ئەم زانستەو یارمەتیدەربوون بۆ گەشەسەندنی ئەویش دەرکەوتنی کۆمەڵێك کتێب و نوسراوی تایبەت بوون بە بواری

کۆمەڵناسی خێزان بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو عەرەبی نموونەش لەسەر ئەم نوسراوانە ئەمانەن:

لە وڵاتانی ئەوروپا بەریتانیا بە نموونە وەردەگرین کە سێ نوسراوی گرنگ دەرچوون یەکێك لە کتێبەکان بەناوی (العائلة والمدینة) لەساڵی (١٩٤٢) لە لەندەن نوسەرەکەی ناوی (زمیرمان) بووو، کتێبی دووەم (تاریخ القصیر فی الزواج) لەساڵی (١٩٤٧) لە لەندەن نوسەرەکەی ناوی (ادوارد وسترمارك) بوو، بەڵام کتێبی سێیەم (العائلة الفیکتوریة) لەساڵی (١٩٤٩) لە لەندەن نوسەرەکەی ناوی (بیلیز) بوو.

بەڵام لە ئەمریکا دوو کتێبی زۆر گرنگ رۆڵیان لە گەشەسەندنی ئەم زانستەوە هەبوو لەوانە (البناء الاجتماعي) مەبەست لەم کتێبە خستنەرووی سیستەمەکانی (خێزان و خزمایەتی و هاوسەرگیریە) لە ساڵی (١٩٤٩) لە نیۆیورك نوسەرەکەشی ناوی (جۆرج میردۆخ)، کتێبی دووەم (ثورة العالم ونماذج الاسرة) لە ساڵی (١٩٦٣) لە نیۆیورك نوسەرەکەشی ناوی (ولیم کوود)ە.

هەروەها لە وڵاتانی عەرەبی (مصرو عێراق) بە نموونە وەردەگرین:

لە مصر سێ کتێبی زۆر گرنگ دەرچوون کە تایبەت بوون بە بواری کۆمەڵناسی خێزان کتێبی یەکەم (العائلة والمجتمع) لە ساڵی (١٩٥٢) لە قاهرە نوسەرەکەشی ناوی (علی عبدالواحد وافی) یە، بەڵام کتێبی دووەم (دراسات في الاجتماع العائلي) لەساڵی (١٩٦٤) لە قاهرە نوسەرەکەشی ناوی (د. مصطفی الخشاب) ە، هەروەها کتێبی سێیەم (الاسرة في العالم المتغیر) لە ساڵی (١٩٧٤) لە قاهرە نوسەرەکەشی ناوی (د. سناء الخولي)ە.

بەڵام لە عێراقیش هەندێ کتێبی گرنگ هەبوون لەوانە کتێبی (العائلة والقرابة والزواج) لەساڵی (١٩٨٠) لە بیروت نوسەرەکەشی ناوی (د. احسان محمد الحسن) ە، هەروەها کتێبی (بناء ووظائف العائلة العراقیة) لە ساڵی (١٩٧٢) لە بەغدا نوسەرەکەی دیسان (د. احسان محمد الحسن) ە، تێزی دکتۆراکەشی بەناوی (البناء الاجتماعي وتغیر العائلة تحت ظروف التصنیع

خلال الفترة (١٩٥٠ ـ ١٩٧٥)) لەساڵی (١٩٧٧) لە بەغدا چاپی کردووە هی (د. احسان محمد الحسن) بوو.

**بۆیە ئەم هۆکارو دیاردانە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زانستی و گرنگیان بە کۆمەڵناسی خێزان بەخشی لەوانە:**

١ـ کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی ئەکادیمیە: چونکە پێکدێت لە کۆمەڵێك تیۆری بەیەکەوە بەستراو کە خاوەنی چوارچێوەیەکی بابەتی و تیۆری تایبەت بە خۆیەتی کە جیاوازە لە زانستەکانی تر.

٢ـ کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی تەجریبیە: چونکە دەتوانرێت جێبەجێبکرێت لەسەر ژیانی خێزانی لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٣ـ کۆمەڵناسی خێزان زانستێکی فراوانە (متوسعە): چونکە تیۆرو زانیاریەکان ئامادەن بۆ زیادبوون و کەڵەکەبوون بەهۆی زیادبوونی ئەنجامدانی توێژینەوەکانەوە دەبێت لەم بوارەدا.

## پێنجەم/ پەیوەندی کۆمەڵناسی خێزان بە کۆمەڵناسی (علاقة علم اجتماع العائلة بعلم الاجتماع)

ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەم دوو زانستەدا هەیە، بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە هەردوو زانست سوود لە راستی و زانیارییەکانی یەکتر وەردەگرن بۆ فراوانکردنی بواری زانستەکەی خۆیان لەروانگەی چەمکەکان و شیکردنەوەی دیاردەو پرۆسەکانی یەکتری. پێش ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە بخەینە روو پێویستە ئەم دوو زانستە بەجیا بناسێنین.

کۆمەڵناسی خێزان: زانستێکە دیراسەی بنەچەی کۆمەڵایەتی خێزان دەکات و کاریگەری خێزان لەسەر کۆمەڵگاو بنیادی کۆمەڵایەتی دەردەخات.

بەڵام کۆمەڵناسی: زانستێکە دیراسەی گشت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە دەکات بە بنیادو ئەرك و گۆرانکاریەکانی گشت دامەزراوەکانەوە.

هەروەها کۆمەڵناسی خێزان دیراسەی ئەو پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە لە نێوان خێزان وەك دامەزراوەیەك و کۆمەڵگادا هەیە.

بەڵام کۆمەڵناسی دیراسەی سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بەگشتی بە هۆکارو کاریگەریەکانیانەوە.

دەکرێ بڵێین کۆمەڵناسی زانستی ناسینی کۆمەڵگەو دیاردەکانە، هەروەها ناسراوە بەوەی کە تێگەیشتن و شیکردنەوەی رەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دەگرێتە خۆی.

بە هۆی پێناسەکردنی هەردوو زانستەکەوە دەکرێ خاڵە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو زانستە بخەینەروو:

١ـ کۆمەڵناسی خێزان دیراسەی بنەچەی کۆمەڵایەتی خێزان دەکات و کاریگەری خێزان لەسەر کۆمەڵگاو بنیادی کۆمەڵایەتی، بەڵام کۆمەڵناسی دیراسەی گشت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لە روانگەی بنیادو ئەرك و گۆرانکارییەوە.

٢ـ کۆمەڵناسی فراوانترە لە کۆمەڵناسی خێزان لە روانگەی بواری دیراسەکردن و رەهەندو چەمکەکانەوە.

٣ـ کۆمەڵناسی لە روانگەی مێژووییەوە زۆر لە پێشترە لە کۆمەڵناسی خێزان واتە کۆمەڵناسی لە سەرەتای سەدەی پازدە لەسەر دەستی کۆمەڵناسی عەرەبی (ابن خلدون) دامەزراوە، هەروەها لە کۆتایی سەدەی هەژدە لەسەر دەستی کۆمەڵناسی فەرەنسی (ئۆگست کۆنت) دامەزرا، بەڵام کۆمەڵناسی خێزان لە سەدەی بیست دامەزرا.

٤ـ کۆمەڵناسی وەکو زانستێك زۆر پێگەیشتووترو کاملترە لە کۆمەڵناسی خێزان لە روانگەی یاساو تیۆرەکانەوە واتە تیۆرو یاساکانی کۆمەڵناسی زۆر زیاترو جۆراوجۆرترو کاملترە بە بەراورد بە تیۆرو یاساکانی کۆمەڵناسی خێزان.

٥- ئەو میتۆدانەی کە کۆمەڵناسی زۆربەی کات بەکاریان دێنێت لە توێژینەوەکانیان بریتین لە (میتۆدی مێژوویی، بەراوردکاری، تێبینیکردن و بەشداریکردن، رووپێوی مەیدانی) بەڵام کۆمەڵناسی خێزان لەزۆربەی توێژینەوەکانی خۆی میتۆدی (بەراوردکاری، رووپێوی مەیدانی) بەکاردێنێت.

بەڵام خاڵە لێکچوەکانی ئەم دوو زانستە ئەوەیە کە پەیوەندیەکی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بۆیە هەردوولا سوود لەیەکتر وەردەگرن، چونکە کۆمەڵناسی خێزان زانیارییەکی تەواو دەدات بە کۆمەڵناسی سەبارەت بە هەموو وردەکارییەکانی خێزان و کاریگەرییەکانی خێزان لەسەر کۆمەڵگا، بەڵام کۆمەڵناسی زانیارییەکی تەواو دەدات بە کۆمەڵناسی خێزان سەبارەت بە گشت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە خزمەت بە خێزان دەکەن.

بە کورتی کۆمەڵناسی لەسەر ئاستی گشتی خزمەتگوزاری پێشکەش بە خێزان دەکات لە رێگەی گشت دامەزراوەکانەوە، بەڵام کۆمەڵناسی خێزان لەسەر ئاستی تاکە کەسی خزمەت بە خێزان دەکات لە رێگەی گەیاندن و پێدانی تەواوی ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن بە خێزان.

# بەشی دووەم

# پرۆسەی هاوسەرگیری (عملية الزواج)

## یەکەم/ واتاو چەمکی پرۆسەی هاوسەرگیری (معنى ومفهوم الزواج):

هاوسەرگیری وەك پرۆسەیەك لە پرۆسەکان بە گرنگترین بڕیار و کار دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤەکان، ئەم بڕیارەش پێویستی بەرادەیەکی باڵا لە ئەقل و کامڵبوون و کاری وشیارانە هەیەو دوورە لە خەون و خەیاڵ، چونکە هەڵبژاردنی هاوسەر بە شێوەیەکی دروست ڕێگایەکە بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو جێگیرو ئارام، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەڵبژاردنی هاوکار و هاوسێ، بۆیە پێویستە ئەو تایبە تمەندیانەی کە لە هاوسەردا هەن ئەوەندە هێزو توانایان هەبێت کە بتوانێت لەبەردەم زەمەن و دژواریەکاندا بوەستێ و لەگەڵ گۆڕانکاری و بارودۆخی نوێ و ڕەوشی گۆڕاودا خۆی بگونجێنێت.

چەمکی هاوسەرگیری کۆمەڵێك واتا و مانای جیاواز لەخۆدەگرێت، هەریەك لەو مانایانە چەمکی هاوسەرگیری پێك دەهێنن: (جێگیربوون، بەرپرسیاریەتی، گرێبەستێکی پیرۆز، ژیانێکی خۆش، پابەندبوون، هاریکاری، تێکگەیشتن، بونیادنانی خێزان، هاوبەشی، ئارامی، خۆشەویستی، هاوبەشی ژیان، هاورێی تەمەن، تەواوکاری، پەیوەندی جنسی ڕێپێدراو ،هیتر).

هاوسەرگیری دیاردەیەکی گشتیە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیەو هەبووەو بەردەوامە، بەڵام خودی ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە چونکە ئەم پرۆسەیە چەند یاساو داب و نەریتێك بەرێوەی دەبات.

کەواتە هاوسەرگیری پەسەندکردنی پێگەیەکی نوێ یە، پێگەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك ئیمتیازات و ئەرك مافی نوێ لەهەمان کاتدا رازیبوون بەم پێگەیە لەلایەن ئەوانی دیکەوە، لەراستیدا خودی هاوسەرگیری رەوایەتی دەدات بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێك ئەرك و ماف و وابەستەیی یاسایی دەهێنێتە ئاراوە.

بۆیە پەیوەندییەکی یاسایی و نەریتی و ئاینییە کە ژن و مێرد بۆ هەمیشە یاخود ماوەیەکی کاتی لە ژیاندا دەکاتە هاوبەشی ژیانی یەکتر.

پرۆسەی **هاوسەرگیری** بەهۆی جیاوازی بۆچوونەکان؛ چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە لەوانە :

**لە ڕوانگەی ئایینی**: هاوسەرگیری سیستەمێکی، فەرمانێکی، سونەتێکی خوداییە و گرێیەستێکی پیرۆزە، هەموو ئاینە ئاسمانیەکان بە تایبەتی ئاینی ئیسلام جەخت لەسەر ئەم پرۆسەیە دەکاتەوە کە بە بنەمایەکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکانی دادەنێت بۆ رێنمایی و خۆشبەختی و ئاسودەیی ژیانی مرۆڤەکان هاتۆتە بوون.

**لە ڕوانگەی ئابووری**: ئابووری ناسەکان دەڵێن هاوسەرگیری بریتیە لە یەکەیەکی بەرهەمهێنی بەکاربەر (منتجە ومستهلکە) وەپشت بە بنەمای کاردابەشکردن (تقسیم العمل) دەبەستێت لە نێوان دوو رەگەزدا بۆ هێنانەدی یەکەیەکی سەرکەوتوو.

**لە ڕوانگەی یاسایی**: یاسا ناسەکان دەڵێن هاوسەرگیری پەیمانێکە لە نێوان دوو کەسدا واتە نێرو مێ دەبەسترێت، کە ئەرك و مافەکانی هەردوولا لەخۆ دەگرێت لەکاتی چوونە نێو پەیمانەکەو ئەو کاتەشی کە دێنە دەرەوە لێی.

**لە ڕوانگەی سایکۆلۆژی**: دەروونناسەکان دەڵێن هاوسەرگیری بریتیە لە یەکەیەك کە پشت بە پەیوەندی و کارلێکی نێوان دوو رەگەزی جیاواز (کور، کچ) دەبەستێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئاسودەیی دەروونی هاوبەش کە لەسەر بنەمای هاودەمی و ئەندامێتی و پاشکۆیەتی و هاوبەشی و گونجانی هەردوو لایەنەکە بەندە.

**لە ڕوانگەی بایۆلۆژی**: بریتی یە لە پەیوەندییەکی سروشتی سێکسی لە نێوان ژن و پیاو بەمەستی خستنەوەی منداڵ و پاراستنی جۆری مرۆڤایەتی.

**لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی**: بریتی یە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی سنوردار، کە بە بناغەی دروستکردنی خێزان دادەنرێت و پەیوەندی و کارلێکێکی کۆمەڵایەتیە بۆ ئارامی تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵگا هاتۆتە بوون ئەم پەیوەندیەش ملکەچی داب و نەریت و یاساکانە و ماف و ئەرکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت.

**بە گشتی**: هاوسەرگیری پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی رێکخراوە لە نێوان دوو تاکی بە رەگەز جیاواز بۆ پێکهێنانی خێزانێکی نوێ، کە لە شوێنێکی هاوبەشدا دەژین. پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای پەیوەندی و کارلێکی ئالوگۆری نێوان دوو تاك هاتۆتە بوون لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك مەرجی یاسایی و داب و نەریت.

## دووەم/ پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری (دوافع الزواج):

بۆ ئەوەی لەبارەی هاوسەرگیریەوە بیرۆکەیەکی هەمە لایەنەمان بۆ دروست بێت پێویستە ئاماژە بۆ پاڵنەرو هاندەرەکانی هاوسەرگیری بکەین.

ئاشکرایە کە هەموو پاڵنەرێك بۆ تێرکردنی پێداویستی و ئامانجێك ئاراستەی خۆی وەردەگرێت، کاتێك قسە لەسەر پاڵنەرەکان دەکەین بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ ئامانجەکانی هاوسەرگیری دەکەین. ئەو ئامانجانەش هەمەجۆرن کە دەرئەنجامی پاڵنەری هەمەجۆرن هەندێك لە پاڵنەرەکان کۆمەڵایەتی و هەندێکی تر کەسیێتین، پاڵنەری گشتی و تایبەتیشمان هەیە، لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ **گرنگترین پاڵنەری هاوسەرگیری دەکەین:**

١ـ پاڵنەری ئایینی: لە ئیسلامدا هاوسەرگیری بە پرۆسەیەکی گرنگ دادەنرێت و دواتر ئەرکێکی پێویستە لەسەر شانی هەر موسڵمانێك، بۆیە ئاینی ئیسلام هەوڵ دەدات بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە لابەرێت، چونکە ئەم پرۆسەیە سوکنایی بۆ تاکەکان دێنێت و لە دوو دڵی و دڵەراوکێ رزگاریان دەکات. هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکردووە دەفەرموێت: (ومن ایته ان خلق لکم من انفسکم ازواجا لتسکنوا الیها وجعل بینکم مودة ورحمة ان في ذلك لايت لقوم يتفكرون) سورة الروم، الاية (٢١). چونکە هاوسەرگیری نیوەی باوەرەو هۆکارێکە بۆ زیادبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها پارێزەری دەروون و ئارەزووە لە خراپە. لەگەڵ بەرقەراربوونی باری جەستەیی و دەروونی.

٢ـ هاوسەرگیری دەستکەوتەو پاڵنەرەکەشی بریتیە لە گەیشتن بە پێگەی کۆمەڵایەتی ویستراو (المکانه الاجتماعیه مرغوبه) پلەو پایەی کەسێکی بالقی ئاسایی یاخود دانانی بە پێگەیشتن و بالقبوون کە ئەمەش هەستکردنە بە برواو متمانەو هەڵسەنگاندنی خودو باوەرهێنانی خەڵکی بەو پلەو شوێنە سروشتیەی کە مرۆڤە بالق و کاملەکان پێگەیشتوون بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها ئامانجی تاکە کەسیش بە تایبەتی ئافرەت پێکهێنان و چاککردنی پلەوپایەو شوێنگەی کۆمەڵایەتیتی.

٣ـ سەیرکردن و روانین بۆ هاوسەرگیری وەك ئەوەی شتێکی سروشتی یاخود نموونەیەکی سروشتی ژیان بێت.

چونکە مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە سروشتی وای خواستووە کە بەتەنها ناتوانێ ژیانی رۆژانەی بەسەر بەرێت واتە سروشتی مرۆڤەکان وایە کە بە تەنها ناتوانن پێداویستیەکانیان پربکەنەوە.

٤ـ تاکەکان روو دەکەنە پرۆسەی هاوسەرگیری وەك دەروازەیەك بۆ رزگاربوون لە بارو رەوشی ژیانی ناخۆش و پڕ لە بێزاری و هەڵاتن لە کەش و هەوای نێو خێزان وەك (هەژاری، ململانێ خێزانیەکان، دەسەڵاتی دایك و باوك، توندوتیژی، فشارو دەمارگیری....).

**٥- بەدەستهێنانی ئاسودەیی ئابوری و دەستکەوتنی سامان بۆ تێرکردنی هیواو خولیاو ئارەزووە ماددیەکان کە ئەمانەش دەبنە هۆی باشکردنی سەنتەرو پلەو پایەی ئابووری و کارو کۆمەلآیەتی کۆمەڵگا.**

**٦- پاڵنەرێکی تر حەزی زانینە یاخود زانینی نهێنیەکانی ژیانی هاوسەرگیری.**

**٧- تێرکردنی پێداویستی سێکسی کە یەکێکە لە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری بە تایبەتی لای رەگەزی پیاو بۆ پارێزگاریکردن لە خود و جۆری مرۆڤایەتی.**

**٨- پێکهێنانی خێزان و منداڵ خستنەوە، چونکە هاوسەرگیری سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی مسۆگەرکردن کە هاوبەشێك بۆ تاکەکەس بە شیرینی و تاڵیەوە فەراهەم دەکات تاوەکو بەیەکەوە بە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی ژیانیان هەڵبستن تاکە کەس هەست بە ئەندامێتی دەکات و پێی وایە بەشێکە لە کەسانی ترو پشتیان پێ دەبەستێ و ئەوانیش پشتی پێدەبەستن و بیردەکەنەوە بۆی و بۆیان بیر دەکاتەوەو قوربانیان بۆ دەدات و قوربانی بۆ دەدەن، هەموو ئەمانە ئاسوودەیی دەروونی بۆ دێنن و هەستکردن بە تەنهایی و فەرامۆشکردنی لێ دووردەخەنەوە، چونکە رای گشتی رێز لەو ژن و مێردە دەگرێت کەوابەستەن بە ئەرکەکانیەوە و بە چاوێکی تایبەتی بۆیان دەروانن، بەلآم بە پێچەوانەوە رەنگە کۆمەڵگا سەرزەنشتیان بکات.**

**٩- حەزی موڵکداریکردن پاڵ بە تاکە کەسەوە بە تایبەتی پیاوەوە دەنێت بۆ هاوسەرگیری، واتا موڵکداریکردنی هاوبەشی ژیان، ئەم حەزە زۆر جار نەستیە هەندێ جاریش هەستیە بەهەر حاڵ پاڵنەرێکە خود پەرستی لەخۆدەگرێت ئەگەر هاتوو لە ئاستی خۆی تێپەری پێویستە چارە بکرێت ئەگینا گرفت دروستدەکات.**

**١٠- خۆشەویستیش پاڵنەرێکی گرنگە بۆ هاوسەرگیری، رەنگە هەندێ کەس بیر لە هاوسەرگیری نەکەنەوە بەلآم کە دووچاری خۆشەویستی دەبن ناچاردەبن بۆ ئارامی و ئاسودەیی بچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.**

**هەندێك لەم پاڵنەرانە رەنگە گرنگ و بنچینەیی و گشتی بن بۆ هاوسەرگیری و سەرکەوتنی، بەلآم هەندێکی تریان رەنگە بۆ کەسانێك گرنگ بن بەلآم بۆ کەسانی تر ئەو بایەخەیان نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەری هاوسەرگرتن لە زۆربەی بارەکاندا بریتیە لە گەیشتن بە دڵئارامی و ئاسودەیی و جێگیربوون و مسۆگەرکردنی ژیان.**

### سێیەم/ شێوەکانی هاوسەرگیری (اشكال الزواج):

بەهۆی جیاوازی و هەمەجۆری کۆمەڵگاو کلتورەکانەوە، وێنەکانی هاوسەرگیریش جیاوازەو چەندین جۆری جیاواز لە خۆ دەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

#### ١ـ تاک هاوسەری (الزواج الاحادي):

جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوسەرگیری وە بە یەکێك لە باشترین و چاکترین و بەربلاوترین جۆری هاوسەرگیری هەژمار دەکرێ لە کۆمەڵگا، بە واتای هاوسەرگیری یەك پیاو لەگەڵ یەك ژندا دێت و هیچ لایەك مافی ئەوەی نیە بیکات بەدوان، زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان بەرەو قبوڵکردن و پەسەندکردنی ئەم جۆرە دەچن، بەتایبەتی ئەم جۆرەیان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا دەبینرێت.

#### ٢ـ فرەژنی (تعدد الزوجات):

واتە هاوسەرگیری یەك پیاو لەگەڵ چەند ژنێکدا لە هەمان کاتدا هەموویان لەلای ئەو پیاوەن. لە دۆزی فرەژنیدا جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا هەیە، بۆیە ئەگەر پیاو ژنی تەڵاق دابێت یاخود مردبێت هاوسەرگیری دووبارە ناچێتە قاڵبی فرەژنیەوە. لە کۆمەڵگاکاندا ژمارەی ژن گۆرانی بەسەردا دێت بە پێی کلتورو ئاینی ئەو کۆمەڵگایە بۆنمونە لە ئەفریقیا پیاو دەتوانێت تاکو (١٠) ژن بهێنێت بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا (١ـ٤) ژن حەڵاڵ کراوە بۆ پیاو بە مەرجێك بتوانێت داد پەروەر بێت.

#### ٣ـ فرەمێردی (تعدد الازواج):

واتە هاوسەرگیری ژنێکە لەگەڵ چەند پیاوێکدا لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا باوبووە بەڵام ئەمرۆ بە دەگمەن بوونی هەیەو دەبینرێت، جگە لە دوو تیرەی سەرەتایی نەبێت کە ئەوانیش دوورگەی (مارکسیان) کە لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا دەژین، تیرەی (تۆداس) لە هندستان لەلای ئەو دوو تیرەیە فرەمێردی باشترین و سروشتی ترین جۆری هاوسەرگیریە و داب و نەریت هانیان دەدات، بە تایبەتی لە چاخە سەرەتاییەکاندا پەیوەست بووە بە کەمی ژن لەو کۆمەڵگایانە ئەمیش دوو جۆری هەیە:

اـ فرەمێردی بێگانە: لەلای تیرەی مارکسیان دەبینرێت واتە ژنەکە لەیەك کاتدا چەند مێردێکی هەیە کە ئەو پیاوانە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوانیاندا نیە.

ب ـ فرەمێردی خزمانە: لەلای تیرەی تۆداس لە هندستان دەبینرێت واتە ژنەکە لەیەك کاتدا چەند مێردێکی هەیە کە ئەو پیاوانە برای یەکترن واتە رەنگە سێ یاخود چوار برا لەیەك کاتدا ژنێکیان هەبێت.

### ٤ـ كۆ هاوسەری:

بریتی یە لە هاوسەرگیری چەند پیاوێك لەگەڵ چەند ژنێكدا لە هەمان كاتدا، هەریەكە لەو پیاوانە مێردی هەر ژنێكن لەو ژنانە لەیەك كاتدا، ئەم جۆرەیان لە چاخە سەرەتاییەكانی مێژوودا هەبووەو بە كۆنترین جۆر هەژمار دەكرێت كە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم جۆرە لای تیرەكانی (كاینگ كانگ) لە وڵاتی بەرازیل، هەروەها لە ئوستورالیاو هۆزەكانی تبت، همالایا، سیبریا، هاوایی بینراوە، هەروەها پەیوەندی سێكسی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری لە لای ئەو گروپانە بێ كۆت و بەندو رێ پێدرابوو. ئەم جۆرەیان دەگمەنە لەوانەیە كاتی بێت و لەسەر هیچ بنەمایەكی ئاینی و ئەخلاقی و كۆمەڵایەتی دانەمەزراوە.

### ٥ـ هاوسەرگیری كاتی:

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە كاتیەو موتعە و چێژی پێ دەوترێت كە ئەمەش ژن و پیاو بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بە پێی ئارەزووی خۆیان گرێبەستی هاوسەرگیری دەبەستن بەرامبەر مارەیەكی دیاریكراو جا چەند رۆژێك بێت یاخود چەند مانگێك ... دوای تەواو بوونی ماوە دیاریكراوەكە لەیەكتری جیادەبنەوە جیابوونەوەكەیان پێویست بە شاهید نەكات چونكە هاوسەرگیریەكە بەم شێوە بنیادنراوە كە پیاوەكە بە ژنەكە دەڵێت تۆم كرد بە هاوسەری كاتی خۆم ژنەكەش دەڵێت پەسەندم كرد، ئەم جۆرە لە هەندێ كۆمەڵگا كۆن و نوێ كاندا پەیرەو دەكرێت بە تایبەتی لە ئێران و ئەو شوێنانەی شیعە نشینن.

### ٦ـ هاوسەرگیری عورفی:

ئەم جۆرەیان تەنها لە نێوان ژن و مێرددا روو دەدات و كەس و كاری كەسیان بەم هاوسەرگیریە نازانێت و ئەمانە ژیان بە نهێنی بەسەردەبەن واتە لەسەر بناغەی رێككەوتنی هەردوو لایەنەكە بەندە ،ئەم جۆرەیان لە وڵاتی میصر سەری هەلداوەو زۆر بڵاوە هەتا گەیشتۆتە ناو قوتابیانی زانكۆش، واتە ئەم جۆرە سەرەتا بەم شێوە پەیرەو كراوە كە لە بەردەم هیچ لایەنێكی رەسمی و ئاینی تۆمار ناكرێت بەڵام دواتر گۆرانی بەسەرا هاتوە بە پێی شوێن و ئاین و كۆمەڵگەوە دەستكاری كراوە، بۆ نموونە لە ئەوروپا هەتا سەدەكانی ناوەراستیش بەم شێوە بوو بەڵام دواتر كلێسەی رۆمانی دەستكاری كردو بریاری دا كە لە بەردەم لایەنی ئاینیدا ببەسترێ و بە بوونی شاهید بەم شێوە گۆرانی بەسەر داهات.

### ٧ـ هاوسەرگیری مسیار:

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەکی نویّ یە لە روالّەت و لە ناوەرۆکدا کۆن، ئەم جۆرەیان هەموو بنەماکانی هاوسەرگیری ئیسلامی پەیرەو دەکات ئەوە نەبیّت کچەکە خۆی بە ویستی خۆی دەست بەرداری مالّ و نەفەقە دەبیّت، ئەم جۆرەیان زیاتر لە سعودیە دەبینریّت و هەروەها ئەسلی ناوەکەی لەوە هاتوە کە بەواتای سەردانی رۆژ دیّت ( زیارات نهاریە ) یاخود هاوسەرگیری نهیّنی ( سر ) واتە ئەم جۆرە پیاوەکە بەردەوام لای ژنەکە نامیّنیتەوە بەڵکو لە کاتی جیاواز دیّ بۆ لای واتە ژیانیّکی بەردەوام نیە لای یەکتر زۆر جاریش دەچیّتە چوارچیّوەی فرەژنیەوە.

# بەشی سێیەم

# خێزان (العائلة)

## یەکەم: واتا و چەمکی خێزان (ماهیة والمفهوم العائلة)

توێژەران هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا گرنگیان بە توێژینەوەی کاروبارەکانی تایبەت بە خێزان داوە، ئەمەش بە هۆی ئەو گرنگی و رۆڵەیە کە خێزان لە ژیانی تاك و کۆمەڵگاکان هەیەتی، هەندێ لە بیرمەندان پێیان وایە تۆکمەیی و توندوتۆڵی و هێمنی کۆمەڵگاکان پەیوەندییەکی بەهێزی بە توندوتۆڵی خێزانەکاوە هەیە، هەروەك چۆن دارمانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بە هەمان شێوە پەیوەستە بە لێکترازانی خێزانەکانەوە.

بۆیە کۆمەڵناسان هەمیشە بەشێك لە توێژینەوەکانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ بابەتی خێزان چونکە خێزان بنچینەیەکی گرنگ پێکدێنێت لە بونیادنانی کۆمەڵگا، بۆیە باسکردنی خێزان بە یەکێك لە بوارە کۆمەڵناسیەکان دادەنرێت بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەموو تاکێك لە بواری خێزانیدا پەروەردە دەبێت.

بە هۆی جیاوازی دیدو بۆچوونی زانایانی کۆمەڵناسیەوە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە چەمکی خێزان بە یەك شێواز پێناسە بکرێت، چەندین چەمك و مانای جیاجیایان بۆ خێزان داناوە بە پێی جیاوازی دیدو بۆچوونەکانیان.

خێزان گروپێکی کۆمەڵایەتی بچووکە، پێکدێت لە ژن و مێرد کە بە وابەستەی هاوسەرگیری بەیەکەوە بەستراونەتەوەو ئەرکیان خستنەوەی منداڵە و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوەیانی بەستۆتەوە کە لەلایەن داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگاوە باوەری پێکراوە.

(ادوارد وستر مارك) دەڵێت خێزان کۆبوونەوەی چەند تاکێکە کە بە هۆی وابەستەی خوێنەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، یەکەیەکی مادی و مەعنەویان پێکهێناوە کە بە یەکێك لە بچوکترین یەکە کۆمەڵایەتیەکان هەژمار دەکرێ کە کۆمەڵگای مرۆیی پێی ئاشنا بووە.

زانا (برجس و لوك) لە کتێبی (خێزان) ئاماژەیان بەوە داوە کە مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی لە شارستانیەکاندا بە هۆی خێزانەوە بەردەوام بووەو ماوەتەوە؛ داهاتوشی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستە بەم دامەزراوەیە زیاتر لە دامەزراوەکانی دیکە.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین خێزان چەمکێکە بەواتای کۆمەڵە کەسانێك دێت کە بەهۆی هاوسەرگیری بەیەکەوە بەستراونەتەوە واتە وابەستەیەکی فەرمیە، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە ئیعترافی پێکراوە وەك ئەوەی لە نێوان ژن و مێردا هەیە هەروەها وابەستەی خوێنی (وەك ئەوەی لە نێوان دایك و باوك و منداڵدا هەیە) کە لە ژێر یەك چەتردا دەژین واتە هەموویان ژیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە، کارلێك دەکەن لەگەڵ یەکتردا بە پێی رۆڵە کۆمەڵایەتیەکانیان وە هەر تاکێکیش ئیلتیزاماتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی خۆیان هەیە، خێزانیش لەسەریەتی کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گونجاو بۆ ئەندامانی دابین بکات وە پەروەردەیان بکات بە گوێرەی پرەنسیب و پێوەرە باوەرپێکراوەکان لە لایەن کۆمەڵگاوە.

کەواتە خێزان دەبێتە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکی لە بنیادنانی کۆمەڵگا، دەکرێ بڵێین باوان دروستکەرو هەڵسورێنەری خێزانن کە ئەرکی سەرەکیان پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵە، بەهەمان شێوە ئەوانیش هەڵدەستن بە پێکهێنانی خێزانێکی نوێ و خستنەوەی نەوەی نوێ، بەمەش ژمارەیەکی زۆری خێزان پێکدێت و دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگا، وە پێکهاتەو رۆڵی خێزان بۆ تاکەکان دەگۆرێت بە پێی داب و نەریت و کلتورو ئاین و شوێنەوە.

کۆمەڵناسان، خێزان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەند دەکەن و پێیان وایە کە دامەزراوەیەکە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە هەڵدەستێ بە پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان، وە بە یەکەم گروپی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تیایدا تاك هەست بە لایەنگیری دەکات و تیایدا فێردەبێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بکات و پێداویستیەکانی دابین بکات، بۆیە ئەم یەکە کۆمەڵایەتیە بەرپرسە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو رێکخستنی ڕەفتار و هەڵس و کەوتی تاکەکان بە پێی بەهاکانی کۆمەڵگە.

هەروەها چەمکی خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەسەندنی تاک لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان. کەواتە خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بنیادنانی کەسایەتی بۆ تاکەکان چونکە بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستی و پێدانی ڕەفتارو بەهاو پێوەرەکان. کەواتە یەکێکە لە گرنگترین سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا، چونکە مرۆڤ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەبێت و تەندروستی کۆمەڵگاش پەیوەستە بە تەندروستی تاک و خێزانەوە. زێتر لەوەش، خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە پەیوەندییەکی یاسایی

و ئەخلاقی و ئایینیەوە گرێدراوە، هەروەها هەموویان بەرپرسن بەرامبەر ڕۆڵەکانیان و ئەرک و مافی جیاواز لەخۆ دەگرن. بۆیە وەک یەکەیەکی بنیادی ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەسەندن و بنیادنانی کۆمەڵگا هەیە، هەروەها ڕۆڵی لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان هەیە، چونکە ئەلقەیەکی ناوەندە لە نێوان سەرجەم دامەزراوەکان و کۆمەڵگا، وەک سیستەمێکی گرنگ بە سەرچاوەی پێدانی بەهای ئەخلاقی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک دادەنرێت. بۆیە خێزان دامەزراوەو سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە لە هەموو جیهاندا، دروستبوونی ئەم سیستەمەش پێویستی بە پەیوەندییەکی بایۆلۆژی هەیە، کە کولتوورێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوەو ئاراستەیان دەکات بە پێی ئەو سروشت و بارودۆخ و گۆڕان و وەرچەرخانانەی کە کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕ دەبێت.

**بەلآم پەروەردە ناسان دەلێن خێزان** سەرچاوەی هەر پەروەردەیەکی راست و دروستە کە تاك پێی کاریگەر دەبێت. (هربرت فیری) دەلێت پەروەردە لە مالەوە دەست پێ دەکات و هەموو پەروەردەیەکیش بۆ مالەوە دەگەرێتەوە.

بۆیە خێزان دەبێتە دامەزراوەیەکی پەروەردەیش، چونکە هەر لەو کاتەوەی کە تاکەکە چاو بەدونیا هەلدێنیٚ خۆی لە نێو خێزاندا دەبینێتەوە، هەر ئەو دامەزراوەشە کە کەسێتی لە ناخی تاکەکاندا دروست دەکات بۆ ئەوەی بیانکات بە تاکێك کە بە شێوەیەکی کۆمەلآیەتی رەفتار بکەن و ببن بە تاکێکی کۆمەلآیەتی.

خێزان یەکێکە لە داهێنانە جوانەکانی مرۆڤایەتی، چونکە یەکەم دامەزراوەی کۆمەلآیەتیە کە مرۆڤ تیایدا فێری زمان و داب و نەریت و کلتورو ئاین و هەلس و کەوت و بەها کۆمەلآیەتی و یاسا و رێساکان دەبێت، واتە لە بونەوەرێکی بایلۆجی دەگۆرێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەلآیەتی.

کەواتە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە، هەروەها بنیادێکی سەرەکییە لە چاودێری و گەشەسەندنی منداڵ، بۆیە بە کاریگەرترین یەکەو گروپ لە ئاراستەکردنی تاک بۆ ژیان دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەش خێزان گروپێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە پێکهاتووە لە سێ لایەنی دیاریکراو ئەوانیش: پیاو، ئافرەت، گرێبەستێکی ڕەسمی کە پرۆسەی هاوسەرگیرییە. جگەلەمانەش منداڵیش دەگرێتەوە کە هەموویان بەیەکەوە ژیان بەسەردەبەن لە خانوویەکی هاوبەش، هەندێ کاتیش خزم و کەسانی نزیک لەگەڵیان دەژین، هەریەک لە ئەندامانی ئەم خێزانەش کۆمەڵێک ئەرکی تایبەت بەخۆیان هەیە لە پێناو بەردەوامبوونیان. زێتر لەوەش، خێزان خانەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەهۆیەوە کەسایەتی تاک لەرووی عەقلی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونیەوە دروستدەبێت. بەتایبەت خێزانی کوردی بریتییە لە گروپێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا کە چەندین ئەرکی جۆراوجۆر لەسەرشانیەتی بەرامبەر بە تاکەکانی، وەک گروپێکیش بناغەیەکە لە بنیادی کۆمەڵایەتی و وەک سیستەمیش بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە نێو سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگا. هەروەها خێزان دامەزراوەیەکە کە تیایدا کۆمەڵێک تاک دەژین بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی لە خانوویەکی هاوبەش کۆبوونەتەوە، ئەرکی سەرەکی خێزان لە پرۆسەی خستنەوەی منداڵ و پەروەردەکردنیان دەردەکەوێت، واتە گرنگی خێزان لە خستنەوەی وەچەیە لە پێناو پاراستنی رەگەزی مرۆڤایەتی.

## دووەم: تایبەتمەندیی و خاسیەتە گشتیەکانی خێزان

دەتوانین بڵێین جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان بیروبۆچوونی توێژەران سەبارەت بە خێزان، واتە هەریەکەو بە پێی تێروانینی خۆی خێزان شی دەکاتەوە، هەندێك تەنها جەخت لە پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵ دەکەنەوەو لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکەن، هەروەها هەندێك ئەرکی خێزان تەنها لە خستنەوەی منداڵ دەبیننەوەو هەریەکەیان بە جۆرێك دەروانێتە خێزان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خاسیەت و سیماتی هاوبەش لە نێوان زانایاندا هەیە بۆ ناسینەوەی خێزان لە هەموو شوێنێکدا. تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

١- بوونی پەیوەندییەکی هاوسەرگیری بۆ پێکهێنانی ئەم دامەزراوەیە پێویست بە پەیوەندی هاوسەرێتی دەبێت و کە گروپێکی کۆمەڵایەتی بچووك پێك دێت ئەویش خێزانە.

٢- بوونی سیستەمی ناولێنان بۆ جیاکردنەوەی خێزانەکان لەیەکتر ئەم سیستەمە پێویستە، نموونەیەکی تایبەتیشە بۆ زانینی رەچەلەك و نەسەب.

٣- خێزان یەکەیەکی ئابووری تایبەت بەخۆی هەیە لەرووی خەرج و داهاتەوە لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی تاکەکانی خێزان.

٤- بوونی ماڵ و شوێن و نیشتەجێبوونێکی هاوبەش کە ئەمەش سیفەتی هەر گروپێکی خێزانیە.

٥- خێزان خانەی یەکەمە لە جەستەی کۆمەڵگاو خاڵی یەکەمە کە تاك تیایدا دەستدەکات بە گەشەسەندن و ناوەندێکی سروشتی و کۆمەڵایەتیشە کە تاك تیایدا گوزەر دەکات، بۆیە بە بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگا دادەنرێت و دەستەواژەیەکیشە کە ئاماژە بە گروپێکی کۆمەڵایەتی بچووك دەکات، تێبینی دەکرێت هەموو تاکەکان ئیلتیزاماتی یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتیان هەیە، کەواتە یەکەم ژینگەی پەروەردەییشە کە تاك تیایدا دەژی و خۆی بە دەوروبەرو کۆمەڵگا ئاشنا دەکات. واتە یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە کە ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵە و لەوێدا فێری پرۆسەو شێوازەکانی ژیان دەبێت.

٦ـ پەیوەندیەکان لە نێو خێزاندا بە توندوتۆڵی و تۆکمەیی وەسف دەکرێ، چونکە لەسەر بنەمای وابەستەی هاوسەرگیری و خوێنەوە بنیاتنراوە، هەروەها داهاتوویەکی هاوبەشیان هەیە بە شێوەیەك هەریەکەیان لە خۆشی و ناخۆشی و قازانج و زیاندا بەشدارن لەگەڵ یەکتر، لە پێناو دابینکردنی پێداویستی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری تاکەکانەوە، بۆیە ئیلتیزاماتی یاسایی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆر لە نێوان تاکەکاندا هەیە.

٧ـ خێزان ئەو ناوەندەیە کە پێکهێنەری کۆمەڵگایەو بەهۆی ئەوەوە هەموو پێداویستی و غەریزەکانی مرۆڤ پردەکرێتەوە وەك سۆزو خۆشەویستی و پێداویستیە مادی و مەعنەویەکان، بۆیە خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستیەکی حەتمیە بۆ مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی و بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی. کەواتە وەک چوارچێوەیەکی گشتی تاک لە چوارچێوەی خێزاندا بە ئاسوودەیی هەڵسوکەوت دەکات، چونکە سەرچاوەی پێدانی داب و نەریت، بەها، پێوەر، بنەما رەفتاری و ئادابە گشتییەکانە بە تاکەکان،

٨ـ خێزان وەك دامەزراوەیەك بەهۆی ئەو پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتیانەوە بەستراوەتەوە بە داب و نەریت و ئاین و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ئەو کۆمەڵگایە. هەروەها دامەزراوەیەکی کراوەیە واتە کاریگەرو کارتێکراوە بە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، کەواتە خێزان لە رووی داب و نەریت و مەراسیمەکانی تایبەت بە هاوسەرگیری و تەڵاق و خزمایەتی و میرات و نەفەقەو پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکانی خێزان دەگۆرێت لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر تەنانەت لە یەك کۆمەڵگاشدا لە ماوەیەکی کاتی بۆ ماوەیەکی تر دەگۆرێت، هەروەها خێزان لە نێو هەر کۆمەڵگایەك بەستراوەتەوە بە داب و نەریتی ئەو میللەتە، هەروەها ئاینەکەی و مێژوویەکەی و بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی.

٩ـ خێزان بەردەوامە و کاتیە لە هەمانکاتدا، بەردەوامە چونکە وەك دامەزراوەیەك بوونی هەیە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا لە هەموو کات و شوێنێکدا، کاتیشە چونکە نامێنێتەوە ئەگەر سەیری خێزانێکی دیاریکراو بکەین بەهۆی مردنی یەکێ لە هاوسەران یاخود تەڵاق نامێنێت بەڵام خێزانی تر شوێنی ئەم خێزانە دەگرێتەوە.

١٠ـ خێزان وەك دامەزراوەیەك بە بەردەوام بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی ئەندامەکانی زیاتر لە هەموو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا بۆ نموونە باوك کار دەکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ ئەندامەکانی خێزان وە ئەندامەکانی تریش بە هەمان شێوە.

١١ـ خێزان یەکەیەکی ئامارییە، واتە دەتوانین بە بنەمایەکی دابنێین بۆ ئەنجامدانی ئامارەکانی تایبەت بە سەرژمێری دانیشتوان و ئاستی بژێوی ژیان و دیاردەکانی ژیان و مردن، هەروەها ئەو ئامارانەی کە خزمەت بە لایەنی زانستی و چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکەن.

١٢- خێزان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کراوەیە، بە هەموو سیسیتەمەکانی تری کۆمەڵگا واتە کاریگەری بەسەر هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا هەیە. بۆیە کاریگەرو کارتێکراوە بە سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا، واتە ئەگەر سیستەمی سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، باشبن کاریگەری باش لەسەر خێزان دروستدەکەن بە پێچەوانەوەش ڕاستە، خێزانیش بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی تر دروستدەکات.

## سێیەم: قۆناغەکانی گەشەسەندنی خێزان (مراحل تطور العائلة)

قۆناغەکانی دروستبوونی خێزان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ قۆناغی سەرەکی هەن خێزان بە شێوەیەکی گشتی پێیدا تێپەر دەبێت کە ئەمانەن:

١ـ **قۆناغی یەکەم:** قۆناغی ڕاستەوخۆی پێش هاوسەرگیری، ئەم قۆناغە گرنگی و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بونیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە تێکەڵ بە ژیانی هاوسەرێتی دەبێت، بەم قۆناغە دەڵێن قۆناغی دەستپێك (مرحله تمهید) واتە خۆ ئامادەکردن بۆ ژیانی هاوسەرێتی و زاڵ بوونی سۆزو خۆشەویستی بەسەر ئەم قۆناغەدا.

٢ـ **قۆناغی دووەم:** قۆناغی دوای دەستپێکردنی ژیانی هاوسەرێتی واتە (قۆناغی هاوسەرگیری)، لەم قۆناغەدا ژن و مێرد خۆیان لەماڵێکی هاوبەشدا دەبیننەوەو هەڵدەستن بە خستنەوەی وەچەو هەڵگری لێپرسراوێتی بەرامبەر بە نەوەکانیان، کە ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەن و شوێنێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

**٣ـ قۆناغی سێیەم:** قۆناغی تەواوکردنی گەشەی نەوەکان لەم قۆناغەدا دایك و باوك زیاتر ئەرکی لێپرسراوێتیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە ئەم کەشە نوێیە لەبارە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکان بەگوێرەی ئەو پێوەرە باوانەی کە باون لە کۆمەڵگەدا لەم قۆناغەدا هۆکارێکی سەرەکی رۆڵ دەبینێت لە بەهێزکردنی ئەم قۆناغە ئەمیش پەیوەندی نێوان دایك و باوکە بەمەرجێك پەیوەندیەکی تەندروست بێت، واتە ئەم قۆناغە سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر پەیوەندیەکانی نێوانیان بەهێز بێت.

**٤ـ قۆناغی چوارەم:** ئەم قۆناغە بە قۆناغی یەکەم دەچێت لە روانگەی کاتی زیادەو دەست بەتاڵی دایك و باوکەکە لە لێپرسراوێتی نەوەکانیان ئەمەش لە دوای پەروەردەکردن و پێکهێنانیان بۆ قۆناغێك کە بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن واتە دوای گەیشتنی ژن و مێردەکە بە تەمەنێکی بەساڵاچوو.

## چوارەم: رۆڵ و گرنگی توێژینەوەی خێزان لە ژیانی تاك و کۆمەڵگادا

خێزان خانەی یەکەمە لە جەستەی کۆمەڵگا، بۆیە یەکەیەکی سەرەکیە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە لە ژن و مێردو منداڵ پێکهاتووە، لە هەموو کات و شوێنێکدا خێزان بەرپرسە لە پەیوەندی نێوان هاوسەران و ئەرک و ماف و ئەو بەرپرسیارێتیەی کە لەسەر شانیانە لە پەروەردەو پێگەیاندنی تاکەکانیان، بۆیە ژیانێکی ئارام بۆ تاک دابیندەکات و کۆمەڵگا پێشدەخات. هەروەها خێزان کاریگەرە بە بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگاوە کاریگەریەکەش بەسەر بنیادی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت و ڕەنگدانەوەی بەسەر تاکەکانی خێزانەوە دەبێت، بۆیە تەندروستبوونی منداڵ کاریگەرە بە ژینگەی ناوخۆو دەرەکیەوە. لەگەڵ ئەوەش خێزان چوارچێوەیەکە کە تاک تیایدا هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتی تێدا دەگوزەرێنێت، کەواتە سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە پێدانی داب ونەریت، بنەمای رەفتاری و ئادابە گشتییەکان بە تاک، لەگەڵ پێدانی گرنگترین ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەویش پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە.

خێزان بە دیارترین دەزگاو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگادا، وە بە کۆنترین پێکهاتەی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە گوێرەی بوون و گشتگیری خێزان لە کۆمەڵگە سەرەتایی و پێشکەوتووەکان، بۆیە خێزان بە بنچینەی هەموو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا دادەنرێت کە بەرپرسیارە لە پەیوەندی جنسی و زۆربوون و پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و خێزان لێپرسراوە بەرامبەر چالاکی زیادبوون و لەدایکبوون و پەروەردەکردن و گەشەی رەفتارو هەڵوێست و داب و نەریت و هەموو بەشەکانی تری ژیان.

هەروەها خێزان لێپرسراوە بەرامبەر گەشەی کەسایەتی تاك و رەفتارو داب و نەریت و بەهاکان لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیت، خێزان بە شێوەیەکی گەورەو بەهێز گرێ دراوە بە کۆمەڵگەو وە بە هەموو دیاردە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگاوە.

بەشێوەیەکی گشتی **خێزان بە دوو جۆر پەیوەندی بەیەکەوە بەستراوەتەوە:**

**یەکەمیان**: پەیوەندی ناوخۆییە کە کاردەکاتە سەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان، واتە پەیوەندیەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسین.

**دووەمیان**: پەیوەندی دەرەکییە کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە واتە کاردەکاتە سەر توندوتۆڵکردنی خێزان بە کۆمەڵگاوە.

بۆیە خێزان ئەو دامەزراوەیە کە بایەخێکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتی بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمی ژیانیاندا، زۆربەی توێژەرەکان کاریگەری خێزان لە ژیانی تاکدا بە بەهێزترین و زۆرترین کاریگەر دادەنرێت لە هەموو دەزگاکانی تری ناو کۆمەڵگاداو دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ تاکەکان.

بۆیە توێژینەوەو گرنگیدان بە خێزان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە خێزان بە یەکەمین خانەو یەکەی کۆمەڵایەتی گرنگ دادەنرێت لە بونیادنانی کۆمەڵگا، لە زۆربەی کات و شوێندا کورتکراوەی خێزان بریتی دەبێت لە ژن و مێردو منداڵ هەروەها کەسانی تریش دەگرێتەخۆی، بۆیە بەرپرسە لە پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ کەواتە خێزانە پەیوەندی نێوان ئەندامان دیاری دەکات، بۆیە خێزان ژیانێکی ئارام و هێمن دروست دەکات و هۆکارێکە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا.

کەواتە خێزان کاریگەرە بە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری کۆمەڵگاوە، بۆیە هەموو بارودۆخەکان بە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکیەوە کاریگەریان هەیە، خێزان بە چوارچێوەیەك دادەنرێت کە تاکەکان تیایدا هەڵس و کەوت و رەفتاری رۆژانەی خۆیان و شێوازی ژیانیان ئەنجام دەدەن، بۆیە شوێنگەو پێگەی کۆمەڵایەتی تاك لە خێزانەوە دەست دەکەوێت و دەبێتە کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر لە دیدی کۆمەڵناسیەوە سەیری خێزان بکەین، دەتوانین بڵێین خێزان یەکەمین دەزگاو دامەزراوەی ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.

کەواتە خێزان هەستارترین و گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتیە لە خستنەوەی وەچەو پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ، چونکە خێزانە بەرنامە دارێژەری بیرکردنەوەو هەڵس و کەوت و رەفتاری تاکەکانە لە ناو کۆمەڵگا، بۆ نموونە وەرگرتنی هەرچی داب و نەریت و رەفتارو بەهاو پێوەرو ئاین و شێوازی ژیان هەیە

دەگەرێتەوە بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی خێزانیش وەك بەشێکی گرنگ و بنەرەتی لەم پرۆسەیە رۆڵی هەیە.

خێزان رۆلێکی گەورەو گرنگ دەگێرێت لە کۆمەڵگادا، بۆیە زۆربەی بیرمەندان بایەخێکی زۆر بە رۆڵی خێزان دەدەن چونکە کۆمەڵگەی تەندروست و پێشکەوتوو پشت بە خێزانی باش و هوشیار دەبەستێت، هەر خێزانێك رێگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا ئەمەش لە رێگەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەندامەکانی پێی هەڵدەستێت بە ئامانجی بونیادنانی کەسایەتیەکی تەندروست.

بیرمەندان لە توێژینەوەو بۆچوونەکانیان جەختیان لەسەر گرنگ و رۆڵی خێزان کردۆتەوەو ئەو راستیەیان سەلماندووە کە بۆ گۆرین و چاککردنی هەر دیاردەیەکی نائاسایی و خراپ لە کۆمەڵگادا روویدات، ئەوا بۆ بنبرکردنی ئەو دیاردەیە پێویستە لە خێزانەوە دەست پێ بکرێت واتە خێزان پاکبکرێتەوە لەو هەڵس و کەوتە نائاساییانە.

تەنانەت خێزان لە روانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە گرنگ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و بە بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگای تەندروست دادەنرێت بەمەرجێك ئەگەر خێزان راست و تەندروست بوو ئەوا کۆمەڵگاش راست و تەندروست دەبێت. چونکە تاکەکان تەنها لە نێو خێزاندا هەست بە سۆزو خۆشەویستی و ئاسودەیی و ئاسایشی و سەرفرازی دەکەن،بە تایبەتیش لە ئیسلامدا جەخت زیاتر لەسەر رۆڵ و گرنگی دایك دەکرێتەوە چونکە ئەو ئافرەتەیە کە پەروەردەی گرنگترین و جوانترین دروستکراوی لە ئەستۆدایە ئەویش مرۆڤە چونکە راستەوخۆ هەموو کارو کردەوەکانی کار لە دەروون و کەسایەتی منداڵ دەکات و بە گەورەترین قوتابخانە دادەنرێت بۆ تاکەکان.

کەواتە رۆڵ و گرنگی خێزان ئەو کاتە دەردەکەوێ کە دایك و باوك هەڵدەستن بە ئەرکی خۆیان کە پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانە لەسەر داب و نەریت و رەفتارو هەڵس و کەوت و رەوشتی بەرز کە بە گرنگترین و درێژترین ماوە دادەنرێت لە ژیانی هەموو خێزانێکدا.

## پێنجەم: پەیوەندی خێزان بە زانستەکانیتر (علاقة العائلة بالعلوم الاخرى)

### ١- پەیوەندی خێزان بە کۆمەڵناسی (علاقة العائلة بعلم الاجتماع):

کۆمەڵناسەکان لە توێژینەوەکانیاندا تیشك دەخەنە سەر خێزان بە تێروانینێکی فراوانەوە، هەروەها گرنگیەکی زۆریان داوە بە خێزان لە روانگەی تیۆری و مەیدانیەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە بەتینەی کە ئەم دوو بوارەی بەیەکەوە گرێ داوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا لە جیهاندا کە هەردووکیان هەمان بابەت دەگرنەخۆ لە کۆمەڵگادا، وە زۆربەی کات هەمان رێگە دەگرنە بەر لە پرۆگرامی توێژینەوەکانیاندا، ئەگەر سەیری کۆمەڵناسە ناودارەکان بکەین لەوانە (ماکس فیبەر، دورکایم، باریتو) دەبینین کە توێژینەوەو کتێبەکانیان خاڵی نین لە تیشکخستنە سەر خێزان بەڵکو خێزان وەك بناغەی راڤەکردنی زۆرێك لە دیاردەکانی کۆمەڵگا سەیر دەکەن.

بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی (١٩) دا جموجۆلێکی فکری جۆراوجۆر لە نیوان کۆمەڵناسان دەرکەوت سەبارەت بە خێزان، لە ناودارترین ئەو توێژینەوانە توێژینەوەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (تونیس) بوو کە هەڵسا بە لێکۆڵینەوە لەسەر گرنگ و بایەخی خێزان، هەروەها هەندێ لە کۆمەڵناسی تر لەوانە (پارسونز، دیفز، هومانز) ئەمانە گرنگیان داوە بە خێزان وەك سیستەمێك لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە لە روانگەی تیۆری و مەیدانیەوە. هەروەها زانا (مورگان) لە توێژینەوەکانیدا هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی رەفتاری تاکەکانی خێزان، هەروەها (مورگان) دیراسەی (هاوسەرگیری بەکۆمەڵ)ی کردووە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، بەڵام زانا (ئەدوارد وستر مارك) باسی لە (خێزانی تاکی) کردووە کە مەبەستی خێزانێکە بە تەنها لە ژن و مێرد پێك هاتووە.

بەڵام (هنری مین) بۆچوونەکەی جیاوازە واتە جەخت لەسەر (خێزانی باوك سالاری) دەکات لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، بەڵام (باخوفن) بە پێچەوانەوە باسی لە (خێزانی دایك سالاری) کردووە، ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵناسەکان هەریەکەو بە شێوەیەك لە شێوەکان گرنگی بە توێژینەوەی خێزان دەدەن.

هەروەها کۆمەڵناسان بە گشتی تیۆرێکیان دارشت بە ناوی (تیۆری گشتگیر) سەبارەت بە گۆرانی خێزان ئەویش ئەم تیۆرە پشتی بەستووە بە فکرەی پێشکەوتن (تطوری) ئەم تیۆرە باس لە شێوەکانی خێزان و ریشەی مێژوویی خێزان دەکات لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەم بیروبۆچوونە وای دەبینیت کە پرۆسەی پێشکەوتنی خێزان بەرەو چاکسازی چووەو باشتر بووە، ئەم گۆرانەش دەستی پێکرد لەو قۆناغەوە کە خێزان ژیانێکی جنسی سەرەتایی هەبوو لە شێوازی ئاژەڵیدا مومارەسەی دەکرا بەرەو قۆناغی

هاوسەرگیری بە كۆمەڵ چوو دواتر بەرەو قۆناغی دایكایەتی پاشان بەرەو باوكایەتی چوو، دواتر قۆناغی فرەژنی و ئینجا بە قۆناغی هاوسەرگیری تاكی كۆتایی پێ هات.

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە كۆمەڵناسی پەیوەندیەكی بەتینی هەیە بە خێزانەوە، چونكە خێزان بە كلیلی شیكردنەوەی زۆرێك لە دیاردەو رووداوەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی دادەنێن.

## ٢ـ پەیوەندی خێزان بە مرۆڤناسی (**علاقة العائلة بالانثروبولوجیا**):

زانستی مرۆڤناسی بە شێوەیەكی گشتی دیراسە لە مرۆڤ دەكات و بواری دیراسەكردنی ئەم زانستە بریتییە لە لێكۆڵینەوە لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكان، تەنانەت تاوەكو ئێستاش هەندێ لەو كۆمەڵگا سەرەتاییانە لە هەندێ شوێنی جیهاندا ماون و ژیان دەبەنە سەر دوور لە پێشكەوتنی شارستانیەتی نوێ.

دووبارە توێژینەوەو پەرتوكی زانا مرۆڤناسەكان دانەبراوە لە وەسف و شیكردنەوەی خێزان بۆیە زانا مرۆڤناسەكان لە توێژینەوەكانیاندا گرنگیەكی زۆریان پێ داوە لە لایەنی پێشكەوتن و شێوەی خێزانەوە، بۆیە مرۆڤناسەكان هەڵسان بە دانانی چەند بیردۆزێكی جیاواز وە لە میانەی ئەم بیردۆزانەوە هەوڵیانداوە بۆ روونكردنەوەی خێزان، هەروەها هەندێ لەو بیردۆزانە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان خێزان بە پرۆسەی گۆرانی كۆمەڵایەتیەوە دەكەنەوەو هەندێكی تریان بەراوردی خێزان و هاوسەرگیری لە كۆمەڵگا جیاوازەكاندا دەكەن، بە گشتی ئەم توێژینەوانە جەخت لەسەر رێگەی شیكاری دەكەن كاتێك باس لە پرۆسەی خێزان دەكەن.

بە شێوەیەكی گشتی مرۆڤناسەكان كاتێك كە لە خێزان دەكۆڵنەوە **دوو تێروانینی** جیاوازیان هەیە كە ئەمانەن:

١ـ وا سەیری خێزان دەكەن كە سیستەمێكی كۆمەڵایەتیەو لەگەڵ باقی سیستەمەكانی تردا پەیوەندی و كارلێك دەكات، بەمەش تۆرێك لە پەیوەندی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

٢ـ توێژنەوە مرۆڤناسیەكان جەخت لەسەر خێزان دەكەنەوە بەوەی كە وای دەبینن خێزان بەرپرسی یەكەمە لە پێكهێنانی كەسایەتی بۆ تاكەكان، ئەم تێروانینەش لە ژێر كاریگەری دەروونناسەكانەوە بۆیان ماوەتەوە.

## ٣- پەیوەندی خێزان بە پەروەردە (**علاقة العائلة بالتربية**):

راوبۆچوونی زانایانی پەروەردە جیاوازە سەبارەت بە چۆنیەتی روونکردنەوەی چەمکی پەروەردە، هەندێك پێیان وایە پەروەردە بە مانای مەشقپێکردن لەسەر هەندێ کارامەیی دێت، بەهۆیەوە تاك دەتوانێت شارەزایی وەربگرێت لە هەندێ بواردا، بەڵام گروپێکی تر پێیان وایە پەروەردە پرۆسەیەکی فێرکاری تاکیە بەهۆیەوە تاك فێری چۆنیەتی مامەڵەکردن دەبێت لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەروەردە پرۆسەیەکی گۆڕاوە لە دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵێك رەفتار بۆ تاکەکان و گواستنەوەی کارامەیی و بیرو باوەرو ئاراستەکان، کەواتە پرۆسەی پەروەردە پرۆسەی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی تاکێکی کامل و تێرو تەسەلە بە کۆمەڵگا.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەروەردە پرۆسەیەکە تاك ئامادە دەکات و رایدەهێنێت و فێری دەکات لە هەموو لایەنەکانی ژیانی، کەواتە تاکەکان لە کۆمەڵگادا فێری کۆمەڵێك رەفتارو هەڵس و کەوت دەبن بە هۆی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها کۆمەڵێك بیروباوەرو داب و نەریت دەگوازێتەوە بۆ ئەندامان ئەمەش لە رێگەی پەروەردەوە دەبێت و خێزان لەو بوارە پەروەردەییەدا پێی هەڵدەستێت لە گواستنەوەی کولتووری شارستانی و فێرکردن و پەروەردەکردنی تاکەکانی.

پەروەردە ئامانجی ئامادەکردنی ژیانێکی خۆشە بۆ تاکەکان، هەروەها پێشکەشکردنی تاکێکە بە کۆمەڵگا کە کاملێ بێت لە هەموو لایەنەکانی ژیانی. کەواتە خێزان رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چاندن و پێکهێنانی پەروەردە کە کەسانێکی چاك پێکدێنێت، بۆیە پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئامانجدارە لە پێناو دروستکردنی کەسایەتیەکی سەرکەوتوو بۆ تاکەکان لەسەر ئەو شێوازەی کە لە توانایاندا هەیە لە پێگەیاندنی تاکەکان بۆ ئەنجامدانی رۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان. کەواتە پەروەردە یەکێکە لەو پرۆسە کۆمەڵایەتیانەی کە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی کۆمەڵێك رەفتارو هەڵس و کەوت و بیروبۆچونی نموونەیی بۆ تاکەکان و بەرەو پێشبردنی واقعی تاك و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان و چارەسەرکردنی گرفتە تایبەتی و گشتیەکانیان، بۆیە خێزان دادەنرێت بە رێکخەرێکی کۆمەڵایەتی کە سەرپەرشتی پەروەردەی تاکەکان دەکات.

تاکەکان بەشێکی ژیانیان لە خێزاندا دەژین و بەشەکەی تری لە دەرەوەی خێزان دەژین، یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ بریتییە لە خستنەوەی نەوەو پەروەردەکردنیان بۆیە پەروەردەناسان لە توێژینەوەکانیان تەرکیز دەکەنە سەر خێزان و پێیان وایە کە پرۆسەی پەروەردە بە قۆناغ تێپەر دەبێت و قۆناغی یەکەم کە تاك پێیدا تێپەر دەبێت خێزانە، پاشان تاکەکان دەچنە دەزگاکانی ترو پرۆسەی پەروەردە تەواو دەکەن. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە رۆڵی خێزان کۆتایی پێ بێت لە پرۆسەی

پەروەردەکردن، بۆیە خێزان جیادەکرێتەوە لە باقی دامەزراوەکانی تر چونکە تاك تیایدا دەژی هەر لە منداڵیەوە تاوەکو مردنی بۆیە دەتوانین بڵێین کە خێزان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە هەموو دامەزراوەکانی تر لە کۆمەڵگا لەم پرۆسەیەدا.

**کاریگەرییەکانی خێزان لەسەر پەروەردەی تاك:**

١- خێزان هەڵدەستێ بە ئاراستەکردن و فێرکردنی دەنگ و جووڵەو زمان و کارە ڕۆشنبیریەکان و پرۆگرامە جیاوازەکانی تری ژیان.

٢- خێزان هەڵدەستێ بە گواستنەوەی بەشێکی گەورە لە داب و نەریت و بەهاو خورەوشت و ئاین و کلتورو بیروباوەرو هیتر لە ڕێگەی خێزانەوە بۆ نەوەکان

٣- خێزان ڕۆلێکی گەورە لە کرداری پەروەردەو بەخێوکردن دەبینێت، بە شێوەیەك کە هیچ دامەزراوەیەکی تر ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە.

٤- خێزان ڕۆلێکی گرنگ و گەورەی هەیە لە دروستکردنی هەستی خێزانداری و سۆزە جیاوازەکانی تر لای تاك، وە سووربوون و ڕاهاتنی لەسەر سروشتی ژیان.

لێرەدا دەردەکەوێت کە خێزان ڕۆڵ و گرنگیەکی زۆری هەیە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگا، ئەم گرنگیدانەش تەنها لەلایەن کۆمەڵناس و مرۆڤناس و پەروەردەناسانەوە نیە بەڵکو ئابوریناسەکان و سیاسەتمەدارەکان و دەروونناسەکان و زانا بایۆلۆجیەکانیش گرنگیان بە خێزان داوە.

## **شەشەم**: **جۆرەکانی خێزان** (**اشكال العائلة**)

خێزان لە هەموو کات و شوێنێکدا گۆرانی بەسەردا دێت لە روانگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتووریەوە، لە گەڵ ئەمانەش گۆران لە بونیادو قەبارەو ئەرك و وەزیفەکانی دروست دەبێت، جۆرەکانی خێزان بە پێی جۆرەکانی کۆمەڵگا دەگۆرێت، چونکە جۆرەکانی خێزان بە پێی ناوچەی جوگرافی و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ناو کۆمەڵگا دەگۆرێت.

بە شێوەیەکی گشتی توێژەران خێزانیان دابەشکردووە لە چەندین روانگەوە کە ئەمانەن:

**یەکەم: جۆری خێزان لە روانگەی شوێنی نیشتەجێبوونەوە دەکرێت بە چوار جۆرەوە.**

١ـ خێزانی نیشتەجێبوو لای باوك: ئەو جۆرە خێزانەیە کە نیشتەجێ دەبێت لەگەڵ خێزانی پیاوەکە، واتە لە ماڵی باوکی پیاوەکە دەژین و ژیان بەسەر دەبەن.

٢ـ خێزانی نیشتەجێوو لای دایك: ئەو جۆرە خێزانەیە کە نیشتەجێ دەبێت لەگەڵ خێزانی ژنەکە، واتە لە ماڵی باوکی ژنەکە دەژین.

٣ـ خێزانی سەربەخۆ: ئەم جۆرە خێزانەیە کە لە شوێنێکی سەربەخۆ دەژین بە دوور لە خێزانی پیاوەکەو ژنەکە، واتە رێگە نادەن هیچ کەسێك لە گەڵیان بژین و لەگەڵ کەس بژین.

**دووەم: جۆری خێزان لە روانگەی دەسەڵاتەوە دەکرێت بە چوار جۆرەوە.**

١ـ خێزانی باوکسالاری: واتە لەم جۆرە خێزانەدا باوك دەسەڵاتێکی فراوان و رەهای هەیە بەسەر هاوسەرو منداڵەکانیدا، چونکە تەنها باوکە بریار لەسەر ژیانی تاکەکانی خێزانەکەی دەدات و داهاتوویان دەستنیشان دەکات.

٢ـ خێزانی دایکسالاری: واتە لەم جۆرە خێزانەدا بە پێچەوانەوە دایك دەسەڵاتێکی فراوان و رەهای هەیە بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا، واتە تەنها دایکە بریار لەسەر ژیانی تاکەکانی خێزانەکەی دەدات.

٣ـ خێزانی نەوەکان یاخود خێزانی بونیادی: واتە لەم جۆرە خێزانەدا یەکێك لە منداڵەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە بە تایبەت لە کۆمەڵگەی خۆمان رەگەزی (نێر)وە زیاتر کوری گەورەی خێزانەکە بریار بەسەر ئەندامانی خێزانەکەی دەدات، ئەگینا رەگەزی (مێ)ش ئەو رۆڵە دەگێرێت.

٤ـ خێزانی یەکسانخواز یاخود دیموکراسی: مەبەست لەم جۆرە خێزانە ئەوەیە کەوا لەسەر بنەمای یەکسان و دیموکراتی دامەزراوە، واتە تەواوی ئەندامانی خێزانەکە بەرپرسن لە بریار و هەڵسوراندنی کارەکان کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ بەرێوە دەچێت.

**سێیەم: جۆری خێزان لە روانگەی شێوەو قەبارەوە دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکی.**

**١ـ خێزانی ناوکی (خێزانی بچووک):** مەبەست لەم جۆرە خێزانە ئەوەیە کە قەبارەی بچووکە و لە ژن و مێردو منداڵ پێکدێت، کە لەیەك خانوودا بەیەکەوە دەژین. کە بە جۆری هەرە دیارو جیاکەرەوە دادەنرێت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بە تایبەتی لەم سەردەمەدا لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیەوە ئەم جۆرە خێزانە زیاتر دەرکەوتون و رێژەیان لەبەرزبوونەوەدایە، بۆیە ژمارەی ئەندامانی ئەم جۆرە خێزانە کەمن و بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژئاوا بەدی دەکرێت هەروەها لە وڵاتانی رۆژهەڵات و بە تایبەتیش لە وڵاتە ئیسلامیەکانیش بەرەو زیاد بوون دەچێت. هەروەها ئەو ئەرکانەی کە لەسەرشانی ئەو خێزانەیە واتە ئەرکە ئابوری و ئاینی و رۆشنبیری و پەروەردەیەکان و هیتر بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەکانی تر ئەنجامی دەدات کە دەوڵەت بەرێوەیان دەبات.

پێگەی ئەم جۆرە خێزانە لە کۆمەڵگادا لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆرێت، دەکرێ بڵێین لەم جۆرە خێزانەدا کەشێکی دیموکراسی باڵی بەسەردا کێشاوەو ژنەکە لەم جۆرە خێزانەدا ناکەوێتە ژێر پاڵپەستۆی دەسەڵاتی خزمە نزیکەکانەوە، هەروەها دایك و باوك بەیەکەوە بەژدارن لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکانیان و خزمەکان کەمتر ئەو رۆڵە دەگێرن، هەروەها لە روانگەی ئابوورییەوە ئەم جۆرە خێزانە سەربەخۆیە لە خزمە نزیکەکانیەوە، وە بنچینەو داهاتوی ژیانیان بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان بەرێوەی دەبەن، هەروەها ئەم جۆرە خێزانە زۆر زیاتر روبەروی لێکترازان دەبێتەوە چونکە تووشی گۆران دەبنەوە هەروەها پەیوەندیەکانیشیان بەهێز نین.

**دەکرێت بڵێین خێزانی ناوەکی بچووکترین یەکەیە لە کۆمەڵگا، کە لە ژن و مێردو منداڵ پێکدێت هەروەها بەرپرسە بەرامبەر رۆڵەکانی لەرووی ئابووری، یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە، پێگەیەکی بەرزی هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و بە جۆرێکی جیاکراوە لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دادەنرێت. دەناسرێتەوە بەوەی کە هاوسەرگیریکردن تیایدا لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادە لە نێوان هاوسەران، چونکە دەسەڵاتی دیموکراسی زاڵە بەسەر بارودۆخی خێزان کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ کارەکانیان بەرێوەدەبەن.**

**٢ـ خێزانی فراوان (خێزانی گەورە):**

مەبەست لەم جۆرە خێزانە ئەوەیە کە قەبارەی گەورەیە و لە ژن و مێردو منداڵ و خزمە نزیکەکانیان پێك دێت وەك (باپیرو داپیرەو خاڵ و مام و کەسانی تری نزیك) بەیەکەوە دەژین، ئەرك و فەرمان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خێزان لە ژێر دەستی سەرۆك خێزاندایە، ئەم جۆرە خێزانانە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵی و گوندنشینیەکاندا هەیە، ژمارەی ئەندامانی خێزانی فراوان زۆرەو هەموو ئەندامەکان لەسەر یەکخوان و لەخۆشی و ناخۆشی یەکتر بەشدارن، هاریکاری و رێزگرتن لە نێوانیاندا هەیە. ئەم جۆرە خێزانە لە ژینگە کۆمەڵایەتیە جوتیاری و ئاژەڵدارییدا بەدیدەکرێت و خێزانی فراوان بە خێزانی باوکسالاری ناودەبرێت، چونکە باوك پێگەیەکی زۆر بەهێزتری هەیە لە پێگەی دایك هەروەها پەروەردەکردنی منداڵەکان و بریارەکانی نێو خێزان جگەلە دایك و باوك کەسانی تریش بریار دەدەن. بەڵام ئەم جۆرە خێزانانە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستەوە بەرەو خێزانی ناوکی هەنگاو دەنێن. ئەم جۆرە خێزانە یەکەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ ئەوەش کەشێکی دیکتاتۆریانە باڵی بەسەر خێزانی فراواندا کێشاوە چونکە باوك پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە لە پلەوپایەی دایك هەروەها باوك خاوەنی بریارە سەبارەت بە دوارۆژی خێزان و منداڵەکان بۆیە دایك و باوك و خزمەکان بەیەکەوە پەروەردەی منداڵەکان دەکەن

ئەم شێوەیان لە خێزانێک زیاتر پێکهاتووە، واتە خێزانێک لەگەڵ منداڵەکانیان کە هاوسەرگیریان کردووەو ژن و منداڵیشییان، هەروەها خزموکەسانی نزیکیش دەگرێتەوە وەک باپیر، داپیر، مام، خاڵ، پوور. ئەم شێوە جیادەکرێتەوە بە خێزانی چەند نەوە کە لە کۆمەڵگا لادێی و میللییەکاندا دەبینرێت.

هەروەها خێزانی بڵاو بەواتای تێکەڵاوبوونی چەند خێزانێکی ناوکیش دێت، کە بەهۆیەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکاندا دروستدەکات . ئەم جۆرە خێزانە لە گوندا زۆر دەبینرا بە تایبەت لە کۆمەڵگا لادێیەکان، خێزانێکی قەبارە گەورەیە کە لە دایک و باوک و ئەو منداڵانەی خێزانیان پێکنەهێناوەو ئەوانەشی خێزانیان پێکهێناوەو ژن و منداڵەکانیشیان، هەندێ کات خزمی نزیکیش لەگەڵیان دەژین، کە یەکەیەکی ئابووری هاوبەش کۆیاندەکاتەوەو تاکەکان هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکەن، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز ئەم خێزانەی کۆکردۆتەوە.

**خێزانی بڵاو زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێنییەوە دامەزراوە و خاوەنی یەکەیەکی ئابووری هاوبەشە، لە ڕوانگەی دەسەڵاتیشەوە بارودۆخێکی دیکتاتۆری زاڵە، چونکە**

**زیاتر دەسەلآت بەدەست تاکە کەسێکەوە دەبێت. بۆیە پێکهاتووە لە سێ یاخود چوار نەوە کە لە دایک و باوک و ئەو منداڵانە پێکدێت کە هاوسەرگیریان نەکردووەو ئەوانەشی کردویانە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان. خێزانی بڵاو جیادەکرێتەوە بەهۆی نزیکی شوێنەوە واتە هەموو تاکەکانی خێزان بەیەکەوە دەژین، هەروەها هاوسەرگیریکردن لەم خێزانە لەسەر بنەمای پەیوەندی خزمایەتی نێوان خێزانەکانە، بۆیە داب و نەریت و بنەماو پێوەرو ئاراستەکان بنیادی کۆمەلآیەتی خێزانەکە دەپارێزن.**

**بەلآم بە گشتی جۆرەکانی خێزان لە کۆمەڵگادا ئەمانەن:**

**١ـ خێزانی سەرەتایی (سادە): (العائلة الاولیة ـ البسیطة)**

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە دایك و باوك و منداڵەکانیان و لە یەك ماڵدا دەژین و نایەڵن خزمەکانیان لەگەڵیاندابن لەو ماڵەدا، ئەم جۆرە خێزانانە لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتوو هاوچەرخەکاندا هەیە.

**٢ـ خێزانی تێکەلآو: (العائلة المرکبة)**

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە خێزانی سادەو خزمە نزیکەکان وەك (باپیرەو داپیرەو مام و خاڵ و پور و کەسانی دیکە) کە لە یەك ماڵدا لەگەڵ خێزانی سادە دەژین و ئەم جۆرەیان و لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و کشتوکاڵیەکانیشدا هەیە.

**٣ـ خێزانی هاوبەش: (العائلة المشترکة)**

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە پیاو لەگەڵ ژنەکەی یاخود ژنەکانی و واتە پیاوەکە لە ژنێك زیاتری هەبێت ئەو منداڵانەشی کە ژنیان هێناوە و خێزان و منداڵەکانیان کە لەیەك شوێنی هاوبەش بەیەکەوە دەژین، وەك یەکەیەکی کۆمەلآیەتی و ئابوری کە لە ژێر چاودێری یەك پیاوی بە تەمەن گەورە.

**٤ـ خێزانی ئاڵۆز: (العائلة المعقدة)**

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە دوو خێزان و یاخود سێ خێزانی سادە کە لە یەك ماڵدا بژین، بە مەرجێك لە نێوانیاندا پەیوەندی خزمایەتی و ئابوریەکی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی پێکەوە بگونجێن و هاوکاری یەکتر بکەن، لە کۆمەڵگە هۆزایەتی و گوندنشینی و کشتوکاڵیەکاندا دەبینرێت.

## حەوتەم: ئەرکەکانی خێزان (الوظائف العائلة)

خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ پێگەیاندنی تاکەکان لە ژیاندا کۆمەڵێك ئەرك و بەپرسیاریەتی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکات، چونکە خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتیە کە تیایدا مرۆڤ لەدایك دەبێت و فێری زمان و داب و نەریت و کلتورو ئاین و هەڵس و کەوت و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتی و یاساو رێساکان دەبێت، واتە لە بونەوەرێکی بایلۆجیەوە دەگۆرێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەروەها خێزان هاوکاری مرۆڤ دەکات بۆ دیاریکردنی ئاراستە سەرەکیەکانی ژیانی و یارمەتی مرۆڤایەتیش دەدات لە بەردەوامبوون و مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی.

**١ـ ئەرکی بایلۆجی:**

سەرەتاییترین ئەرکی خێزان بە ئەرکی وەچەخستنەوە دەست پێدەکات، کەواتە گرنگترین ئەرکی سەرەکی خێزان منداڵ خستنەوەیە لە رێگەی لەدایکبوونەوە بەهۆی ئەمەوە درێژە بە ژیانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا دەدرێت، چونکە خێزان لە رێگەی لەدایکبوونەوە ئەندامێك بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات چونکە بە بەردی بناغەی سەرەکی کۆمەڵگا دادەنرێت. بۆ ئەوەی خێزان تاکێکی تەندروست لەرووی جەستەیی، عەقلی، کۆمەڵایەتی و دەروونی بخاتەوە پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات:

١- پێویستە دایک و باوک لە ڕوانگەی جەستەییەوە تەندروست بن، لە شێوازی ڕێکخستنی وەچەش پێویستە لایەنی تەندروست رەچاوبکرێت، چونکە ئەگەر لایەنی جەستەیی تەندروست نەبێت ئەوا ڕێکخستنی وەچەش تەندروست نابێت.

٢- پێویستە لایەنی عەقلی دایک و باوک تەندروست بێت، بۆ ئەوەی منداڵەکانیش تەندروست بن.

٣- پێویستە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان ژمارەی تاکەکانی خێزان و پێداویستییەکانی، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەرکەکانی خێزان. ئەم ئەرکە پەیوەستە بە بەردەوامیدان بە کۆمەڵگاو مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، چونکە بەرپرسیاریەتی گەورە دەخاتە سەرشانی دایک و باوک.

**٢ـ ئەركی جەستەیی و تەندروستی:**

لە گرنگترین ئەرکەکانی خێزان ئەرکی چاودێری و گرنگیدانە بە منداڵ لە رووی جەستەییەوە واتە دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی تەندروست و چاك بە منداڵ و پاراستنی لە مەترسیەکان و نەخۆشی و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونێکی و پاك و خاوێن و ئەرکە تەندروستیەکان.

**٣ـ ئەرکی عەقلی و هزری:**

ئەگەر خێزان منداڵەکانی بەشێوەیەکی تەندروست لەرووی جەستەییەوە گەشە پێکرد ئەوا راستەوخۆ توانا عەقلیەکانی منداڵ گەشە دەکات، زۆربەی توێژەران پێیان وایە کە خۆشەویستی دایك و باوك بۆ منداڵ بە هاندەرێکی زۆر گرنگ هەژمار دەکرێت بۆ گەشەکردنی عەقلی.

بۆیە دەروونناسان و پەروەردەناسان پێیان وایە کە گۆران لە پلەی زیرەکی منداڵ و کەسایەتی زۆر توند بەستراوەتەوە بە بارودۆخ و ژینگەی خێزانی.

**٤ـ ئەرکی ئاینی و رەوشتی:**

خێزان رۆلێکی زۆر گرنگ و گەورە دەبینێت لە پێدان و فێرکردنی منداڵ بە ئەرك و رێنماییە ئاینی و رەوشتیەکان، بیروباوەرە ئاینی و بەها ئەخلاقیەکانە واتە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە چۆن تاکەکان نزیك دەکاتەوە لە خوای گەورە بەوەی ئەنجامدانی هەر کارێك کە خوا پێی خۆش بێت و نەکردنی هەر کارێك کە پێی ناخۆشەو فێری ئەوەیان دەکات کە چۆن راست و هەڵە خێرو شەر هەروەها پاداشت و سزا لەیەکتر بکەنەوە.

بۆیە پێویستە لەسەر خێزان کەوا لایەنی رەوشتی فێری تاکەکان بکات ئەمەش لە رێگەی پێدانی شێوازی زۆر چاك و گونجاو پەروەردە ئامادە بکات بۆ نەوەکانی، تاکو بتوانێ تۆوی بەها راستیەکان لە دەروونیاندا بچێنێت و بگونجێت لەگەڵ خواستی کۆمەڵگاکە کە لەسەر بنەمای زانست و تێگەیشتن تێشوباریان بکات بە رۆشنبیریەك کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو سەدەیەی کە تیایدا ژیان دەگوزەرێنن، دەبێت خێزان نەوەکان فێر بکات کە چۆن بیردەکەنەوە و چۆن گوێ دەگرن و چۆن رێزدەگرن لە کەسانی بەرامبەریان، بۆیە دەبێت خێزان کۆمەڵێك لەبەهاو رەوشت و هەڵس و کەوت فێری تاکەکان بکات کە لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگاکەیان بگونجێت. **خێزان بەرپرسە لە چاندنی بەها ئایینی و ئەخلاقیەکان لە دەروونی تاکدا، چونکە چۆنیەتی ڕوانینی تاک بۆ ڕێوڕەسمی ئاینی، پەرستش و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک لە خێزانەوە ڕێنماییدەکرێت.**

**٥- ئەرکی کۆمەلایەتی:**

ئەرکی کۆمەلایەتی خێزان سەرپەرشتیکردن و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵە چونکە خێزان بەرپرسە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە لەم ڕێگەیەوە منداڵ فێری هەڵس و کەوت و رەفتارو رۆشنبیری و رێساکان دەبن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری کارلێکی کۆمەڵایەتی بکەن لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگا، واتە بەهۆی ئەمەوە کۆمەڵێك پرۆسە جێبەجێ دەکرێت لەسەر تاکەکان لەوانە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەکۆمەڵایەتیکردن، پێدانی پێگەی کۆمەلایەتی، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پرۆسەکانی تر کە بە هۆیەوە تاکەکان فێری ژیانکردن دەبن و دەبن بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و فێری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، بەم جۆرە مرۆڤ حاڵەتی مرۆیی بەخۆوە دەگرێت و کەسێتی گەشە دەکات. پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بەردەوامیەك دێنێتە ئاراوە و ئەندامەکان رادەهێنێت بە داب و نەریت و خورەوشت و بەها چاکەکان لەکاتی پەروەردەکردن بۆ ئەوەی شارەزای کولتووری کۆمەڵگاکەیان بن.

**٦- ئەرکی دەروونی:**

گرنگترین ئەرك کە لەسەر شانی خێزانە ئەرکی دەروونیە، دیسانەوە دەبێت خێزان هەڵبستێت بە رەخساندنی کەش و بارودۆخێك کە پر بێت لە هێمنی و ئاسایش و سۆزو خۆشەویستی بۆ تاکەکان کە هەستبکەن لە ناوخێزاندا گرنگی و رێزو بایەخیان پێدەدرێت لە رێگەی دابینکردنی پێداویستیەکان بۆیان بۆ ئەوەی لە رووی دەروونیەوە کەسایەتیەکی تەندروست بن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر وانەبێت تاکەکە توشی کۆمەڵێك گرێی دەروونی دەبێتەوە. **خێزان یەکەم ناوەندی کۆمەڵایەتیە کە تاک تیایدا خۆشەویستی پێدەدرێت و پێداویستیەکانی دەستەبەر دەبێت، چونکە بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە پەیوەستن بەیەکترو هەست بە هێمنی و ئارامی دەکەن.**

**٧- ئەرکی ئابووری**

خێزان یەکەیەکی ئابوورییە، هەموو تاکەکان هەوڵی باشکردنی داهاتی خێزانەکەیان دەدەن، بۆ نموونە لە کۆندا خێزان سەرچاوەی سەرەکی بووە لە بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای ئەو کارەی کە ئەنجامیدەدا، واتە بەرهەمی هاوبەش بۆ هەموو تاکەکانی خێزانە، چونکە پشتیان بە کاری بەکۆمەڵی بەستووە جا کشتوکاڵ یاخود ڕاوکردن بێت، بەڵام خێزان لە ئێستادا تاکەکانی پشت بە کاری هاوبەش نابەستن بەڵکو تەنیا کاردەکەن لە پێناو زیادکردنی داهاتی خێزانەکەیان، بۆیە خێزان بە یەکەیەکی ئابووری دادەنرێت کە تاکەکانی ڕادەهێنێت لەسەر کارکردن و پێگەیاندنی منداڵ. هەروەها دەبێت خێزان هەڵبستێت

به فێرکردنی ئەندامەکانی بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی داهاتی خێزان و بەچ شێوازێك یاخود چۆنیەتی پاشەکەوتکردن و خەرجکردنی داهاتیان.

**٨ـ ئەرکی خۆشگوزەرانی:**

حەواندنەوە و لە ئامێزگرتنی منداڵ لە ئەستۆی خێزاندایە، بۆیە پێویستە لەسەری کە ئەندامەکانی وا ئاراستە بکات کە چێژ لە کاتە خاڵی و بۆشەکان وەرگرن لەسەر بنەمای سودو قازانج بۆ کۆمەڵگاکەیان.

چونکە لە ژیانی تاکەکان کاتانێك هەن کە خاڵین بۆ پشوو حەوانەوە بۆیە ئەگەر بەکارهێنرا ئەوا مرۆڤ لەسەر تەنگژەو دەروون گوشادی و بێزاری کە هەیەتی رزگاری دەبێت، بۆیە خێزان بەرپرسە لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە چالاکیە وەرزشی و هونەریانە بەڵام بە مەرجێك لایەنی تەمەن و حەزو ئارەزوو رەچاو بکرێت، چونکە لەسەر خێزان پێویستە کەوا منداڵەکانی وا رێنمایی بکات کە چۆن بتوانن یاریەکان هەڵبژێرن لە ئەنجامدانی مارەسەی چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکان بە گوێرەی لێهاتووی و تواناو تێگەیشتنیان.

کۆمەڵێك ئەرکی تریش هەن کە لە ئەستۆی خێزانن لەوانە ئەرکی جنسی، نیشتمانی و جوانکارییە، ئەرکی خێزانە کە هوشیاری بداتە تاکەکانی دەربارەی بابەتە جنسیەکان بەڵام ئەم هوشیارکردنەوەیە لەسەر بنەمای راستی و روونکردنەوەی بابەتەکان بێت و زانستیانە بێت هەروەها تەمەن و ئاستی تێگەیشتن رەچاو بکرێت. هەروەها ئەرکی خێزانە لە هۆشیارکردنەوەو پێدانی سۆزو خۆشەویستی بۆ وڵات و نەتەوەو کۆمەڵگا و پارێزگاریکردن لێیان، بۆیە دەبێت خێزان هەڵبستێت بە چۆنیەتی فێرکردنی ئەندامەکانی بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی نەتەوەو کۆمەڵگاو پارێزگاریکردن لێی. ئەرکێکی تریش بەرێوەبردنی سیستەمی ژیان بەشێوەیەکی جوان لەگەڵ کۆمەڵێك ئەرکی تریش کە خێزان پێی هەڵدەستێت.

## هەشتەم: تیۆرەکانی گەشەسەندنی خێزانی مرۆیی (النظریات العائلة)

**یەکەم ـ تیۆری ئەدوارد وستر مارك:**

فەیلەسوف و زانایەکی فنلندیە، کە توانیویەتی لە یەك کاتدا دوو پێگەی ئەکادیمی هەبێت چونکە لە لایەکەوە مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بووە لەو لاشەوە مامۆستای کۆمەڵناس بووە لە زانکۆی (لندن).

گرنگی بە خێزانی مرۆیی داوە لە روانگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە، بەوە بەناوبانگە کە رەخنەی ئاراستەی تیۆری (النسب الامی) نەسەبی دایك کردووەو پێی وایە کە نەسەبی باوك لەرووی مێژووییەوە لە سەرووی نەسەبی دایکە.

میتۆدی بەراوردکاری لە دیراسەی خێزانی مرۆیی بەکارهێناوە.

گرنگترین بەرهەمەکانی لە بواری خێزان کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بە ناوی (تاریخ الزواج البشری) لەو کتێبەدا دەڵێت: (هاوسەرگیری بنەمای دروستکردنی خێزانە، چونکە لە دوای هاوسەرگیری ژن و پیاو خێزان دروست دەبێت دواتر بەهۆی منداڵبوونەوە قەبارەی خێزان گەورە دەبێت).

هاوسەرگیری بە پێی پێناسەی (وستر مارك): بریتیە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سێکسی لە نێوان دوو کەسی جیاواز لەرووی رەگەزەوە ژن و پیاو کە حاڵەتی شەرعی وەردەگرێت و دەبێتە پاساو بۆ بوونی لە کۆمەڵگەدا، بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و منداڵ بەرهەم دەهێنن و پەروەردەی دەکەن بە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئایینی.

وستر مارك پێی وایە کە مرۆڤ لەوەتەی سەرەتای دروستبوونیەوە حەزو مەیلی بەلای هاوسەرگیریکردن بووە لەگەڵ یەك ئافرەتدا. لێرەدا (وسترمارك) رەخنە ئاراستەی (مورگان) دەکات، کە ئاماژەی بەوە کردبوو کە سیستەمی هاوسەرگیری بە (٣) قۆناغدا تێپەردەبێت، کە بریتیین لە هاوسەرگیری کۆمەڵ و فرەژنی و تاکی.

**(وسترمارك) خێزانی مرۆیی دەکات بە (٣) بەشەوە:**

١ـ خێزانی سادە (العائلة البسیطة)

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە دایك و باوك و منداڵ کە لە یەك ماڵدا دەژین و نایەڵن خزمەکانیان لەگەڵیاندابن لەو ماڵەدا، ئەم جۆرە خێزانانە لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا هەن.

٢ـ خێزانی تێکەڵاو (العائلة المرکبة)

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە خێزانی سادەو خزمە نزیکەکان وەك (باپیرەو داپیرەو مام و خاڵ و پور و کەسانی دیکە) کە لە یەك ماڵدا لەگەڵ خێزانی سادە دەژین و ئەم جۆرەیان و لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و کشتوکاڵیەکاندا هەیە.

٣ـ خێزانی ئاڵۆز (العائلة المعقدة)

ئەم جۆرە خێزانە پێکدێت لە دوو خێزان و یاخود سێ خێزانی سادە کە لە یەك ماڵدا بژین، بە مەرجێك لە نێوانیاندا پەیوەندی خزمایەتی و ئابوریەکی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی پێکەوە بگونجێن و هاوکاری یەکتر بکەن، ئەمەش لە کۆمەڵگا هۆزایەتی و گوندنشینی و کشتوکاڵیەکاندا هەیە.

بەڵام وسترمارك لە بارەی (نەسەبی خێزان) پێی وایە کە (نەسەبی باوك) لە رووی مێژووییەوە کۆنترەو لەپێشترە لە (نەسەبی دایك) لەگەڵ ئەوەشدا (نەسەبی خێزان) دەکات بە (٣) بەش: ـ

**١ـ نەسەبی باوك:**

وسترمارك دەڵێت خێزان سەرەتا بە سەردەمێك دەستی پێکردووە کە بە سەردەمی (باوکایەتی) ناسراوە، ئەمەش تەنها لەناو یەك گەل و کۆمەڵگادا نا بەڵکو لە نێو هەموو گەلاندا وا بووە چونکە هیچ نەتەوەیەك و وڵاتێك نیە کە نەسەبی نەگەرێتەوە بۆ سەر باوانی.

**٢ـ نەسەبی دایك:**

ئەو پەیوەندیەیە کە نەسەبی دەگەرێنێتەوە بۆ سەر دایك سەرهەڵدانی (نەسەبی دایك) لە کۆمەڵگادا دەگەرێتەوە بۆ هێزو دەسەڵاتی ئافرەت لە کۆمەڵگاداو کارتێکردن لەسەر رووداوەکان، بە پێی بۆچوونی وستر مارك (نەسەبی دایك) لە ماوەی پێش سەدەکانی ناوەراست سەری هەڵداوە.

**٣ـ نەسەبی هاوبەش:**

لەم جۆرەدا خزمایەتی دەبێت بە دوو سەرە واتە نەسەبی دایك و باوك بەیەکەوە، واتە نەوەکان ئەبن بە بەرهەمی دایك و باوکیان بە هاوبەشی.

## دووەم ـ تیۆری رۆبەرت ماکیڤەر:

زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکیەو چەندین بەرهەمی هەیە لە بواری پسپۆری خۆیدا، یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانی (کۆمەڵگا) یە ماکیڤەر بۆ شیکردنەوە کۆمەڵایەتیەکانی لە بارەی پەیوەندی و کارلێکەوە پشتی بە شیکردنەوە سایکۆلۆژیەکان بەستووە، چونکە ئەو رووداوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەگەرێنێتەوە بۆ رەچەلەك و هۆکارە سایکۆلۆژییەکانی بۆیە رۆبەرت ماکیڤەر بە یەکێك لە ئەندامانی قوتابخانەی سایکۆلۆژی کۆمەڵناسی دادەنرێت. ماکیڤەر لە نوسینەکانیدا لە بارەی خێزان و پێکهاتەو ئەرکەکانی بەناوبانگە. لە کتێبی (کۆمەڵگا) دا ئاماژە بەوە دەکات کە خێزانی مرۆیی دەبێت بە (٢) بەشی سەرەکی کە بریتین لە: خێزانی بڵاو لەگەڵ خێزانی ناوکی.

لەو کتێبەدا بەراوردی نێوان ئەم دوو جۆرە خێزانە دەکات لەسەر بنەمای چەند خاڵێك:

لەرووی قەبارەوە خێزانی ناوکی قەبارەی بچووکەو لە ژن و پیاو و منداڵەکانیان پێکهاتووە کە ژمارەی منداڵەکانیان لە نێوان (١ ـ ٤) منداڵە، بەڵام لە خێزانی بڵاو ژمارەی ئەندامانی خێزان زۆرەو قەبارەی

گەورەیە کە ژمارەی منداڵەکانیان لە نێوان (٧ ـ ١٠) منداڵە هەروەها خزمە نزیکەکانیش دەکرێ لەگەڵ ئەم خێزانە بژین.

بەڵام لە روانگەی شوێنەوە خێزانی بڵاو لە کۆمەڵگا کشتوکاڵی و لادێی و کرێکاری و جوتیاری و عەشائیریەکاندا دەبینرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە خێزانی ناوکی لە کۆمەڵگا پیشەسازی و شارستانیە پێشکەتووەکاندا دەبینرێت.

هەروەها بەراوردێکی تری نێوانیان لە خێزانی ناوکیدا بارودۆخێکی دیموکراتی باڵی بەسەر ئەم خێزانەدا هێناوە چونکە پێگەی ژن و پیاوەکە وەك یەکە، بەڵام لە خێزانی بڵاو بارودۆخێکی دیکتاتۆری هەیە چونکە پیاو پێگەیەکی بەرزتری هەیە لە ژن و بە تەنها بریار دەدات لە خێزانەکەدا.

هەروەها لە خێزانی ناوکیدا منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە چاودێری ئەکرێت و خزم و کەس رۆڵی ئەوتۆیان تێدا نیە، بە پێچەوانەوە لە خێزانی بڵاودا جگە لە دایك و باوك خزم و کەسیش رۆلیان هەیە لە بەخێوکردنی منداڵەکان.

لە خێزانی ناوکیدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی لاوازو هەڵوەشاوەیە بەڵام خێزانی بڵاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ خزم و کەس و کار بەهێزە چونکە پابەندن بە بەهاو داب و نەریت و پێوەرەکانی کۆمەڵگا.

هەروەها ماکیڤەر ئەرکەکانی خێزان دەکات بە دوو بەشەوە ئەویش (ئەرکە سەرەکیەکان و ئەرکە لاوەکیەکان) بۆیە ئەرکە سەرەکیەکان بریتین لە (خستنەوەی منداڵ و بەخێوکردنیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان و شوێنی حەوانەوەو لایەنی تەندروستیان) ئەگرێتەوە بەڵام ئەرکە لاوەکیەکان بریتین لە (لایەنی ئابووری واتە کارکردن، تەندروستی، ئاینی، رۆشنبیری، پەروەردەیی، خۆشگوزەرانی و سیاسی) دەگرێتەوە.

کەواتە لە خێزانی ناوکیدا تەنها ئەرکە سەرکیەکانی لە ئەستۆدایە بەڵام ئەرکە لاوەکیەکان لەسەر شانی دەوڵەتە بۆ تاکەکانی ئەنجامی بدات.

بەڵام لە خێزانی بڵاو هەر دوو ئەرکەکەی لە ئەستۆدایە کە دەبێت بۆ تاکەکانی خۆی ئەنجامی بدات.

هەروەها (**ماکیڤەر**) هەر لەم کتێبەیدا هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك **خاسیەت و سیفاتی خێزانی هاوچەرخ** (العائلة المعاصرة) ئەم سیفەتانەش لەم خاڵانەدا کۆ دەکاتەوە:

١- پێکهێنان و دروستکردنی خێزانی هاوچەرخ لەسەر ڕەزامەندی هەردوو هاوسەرەکە دەبێت، چونکە ئەوان بۆ خۆیان هەر لەسەرەتاوە بڕیار دەدەن بۆ دروستکردنی ئەم خێزانە بە هاوبەشی.

٢- خێزانی هاوچەرخ هەڵدەستێ بە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکانی بە پەروەردەیەکی عەقلانی و زانستیانە.

٣- خێزانی هاوچەرخ کاروبارەکانی بە ڕێگەیەکی دیموکراتیانەو ئازادانە بەڕێوە دەبات، بابەتەکان بە ڕێگای گفتوگۆو تێکگەیشتن بڕیاری لەسەر دەدەن دوور لە دیکتاتۆریەت.

٤- خێزانی هاوچەرخ بنەماکانی ژیان و گوزەران و ئامانجەکانی بە شێوەیەك بەڕێوە دەبات کە لەگەڵ خواست و ویست و ئاراستەی هەردوو هاوسەرەکە بێت.

٥- حکومەتیش دان بە گرنگی و ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی خێزانی هاوچەرخ دائەنێت چونکە دەزانێت کە خێزان قوتابخانەی یەکەمە کە تاك شتی لێوە فێر دەبێت و کەسایەتی خۆی تێدا دروست دەکات.

٦- خێزانی هاوچەرخ بە تەواوی سەربەخۆیە لەرووی ئابوورییەوە لە خزم و کەسانی بۆیە پشت بە خۆی دەبەستێت لە ڕاپەراندنی کاروبارە ئابوورییەکانی خۆی، واتە خێزانی هاوچەرخ هەوڵدەدات بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکانی و جێبەجێکردنی ئامانج و خواستەکانیان.

٧- خێزانی هاوچەرخ هەر لەسەرەتاوە گرنگی بە ڕێکخستنی وەچەخستنەوە دەدات (تحدید النسل) واتە هەروو هاوسەرەکە هەر لەسەرەتاوە قسەی لەسەر دەکەن و ڕێکدەکەون لەسەری، چونکە بەم شێوازە خێزانەکە ژمارەی منداڵەکانی ڕێکدەخات لەگەڵ داهات و ژمارەی ئەندامەکانی لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوە دەدات کە بتوانن پەروەردەیەکی باشی منداڵەکانیان بکەن.

## هەشتەم/ بنەماکانی خێزان

خێزان لە کۆمەڵێک پەیوەندی و کارلێک پێکهاتووە، کە بە کۆمەڵێک ئەرک و ڕۆڵ هەڵدەستێت لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی، بۆیە وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بنەمای گرنگ و سەرەکی هەیە لە پێناو گونجان و سەرکەوتنی، گرنگترین بنەماکانیش ئەمانەن:

### ١- بنەمای بنیادی (المقوم البنائي)

ئەم بنەمایە بە واتای یەکگرتوویی و تەواوکاری خێزان دێت لە ڕووی بوون و بنیادی خێزانەوە، بنیادی خێزان واتە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی خێزان لە ماڵێکدا بە دایک و

باوک و منداڵەوە. بەڵام مانای ئەوە نییە کە یەکگرتوویی و تەواوکاری بنیادی خێزان بەهۆی ئامادەنەبوونی ئەندامێک لە ئەندامەکانی خێزان بەشێوەیەکی کاتی ببێتە هۆی تێکچوونی بنەمای خێزانەکە. **واتە ئامادەبوونی هەریەک لە ژن و مێردو منداڵ، ئەمەش ئامانجێکی گشتی بەیەکەوەیان کۆدەکاتەوە لە پێناو سەلامەتی بنیادی خێزانەکە، بەڵام کاتێک تەڵاق روودەدات ئەوا بنیادی خێزان سەقامگیری خۆی لەدەستدەدات.**

**٢- بنەمای دەروونی و سۆزداری (المقوم النفسي والعاطفي)**

مەبەست لەم بنەمایە ئەو هەست و سۆزو خۆشەویستی و بەزەییەیە کە لە نێو ژیانی خێزانیدا هەیە، وەک ئەوەی لە نێوان ژن و مێردو دایک و باوک و منداڵدا هەیە، ئەمەش پشت بەو پەیوەندییە دەبەستێت کە لە خێزاندا بوونی هەیە، واتە بارودۆخ و پەیوەندییەکە خۆشەویستی و گیانی هاوکاری تێدابێت ئەوەش خۆشەویستی و رێزو بەزەیی و متمانە لە خێزان دروستدەکات . **بۆیە ئەم بنەمایە ئەو کاتە بەهێز دەبێت ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان توندوتۆڵ بێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بپێکن بە شێوەیەکی سەرکەوتوو.**

چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی رێژەیی (چونکە لای خۆمان رەنگە هەردوولا رەزامەند نەبن) بەهۆی رەزامەندی هەردوو هاوسەرەکەوە دەبێت، ئەمەش هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ دەستپێکردنی ژیانی هاوسەری، بۆیە ژیانی خێزانی سەرکەوتوو پێویستی بە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو هاوسەرەکە کە لەسەر بنەمای هاوکاری و بوونی سۆزو خۆشەویستی و رێزە بەیەکتر، لە ئەنجام بارودۆخی دیموکراسی و کارکردنی هاوبەش دێتەکایەوە.

بوونی سۆزو خۆشەویستی و بەزەیی لە نێوان تاکەکانی خێزان، سەرەتا لە نێوان ژن و مێرد دواتر لە نێوان دایک و باوک و منداڵ بەشێوەیەک بێت ببێتە هۆی رەخساندنی بارودۆخێک کە هەمووان هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن. ئەمەش هۆکارێکە بۆ مانەوەی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان بۆ ئەوەی بنیادی سۆزداری تەندروست بێت. **کەواتە پشتگوێخستنی لایەنی سۆزداری و دەروونی گرفت و ململانێی خێزانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بوونی ئەم بنەمایە بەختەوەری بۆ ئەندامانی خێزان دەهێنێت، چونکە بوونی سۆزو خۆشەویستی، متمانە، هاوکاری و یەکترقبولکردن خۆشگوزەرانی بۆ خێزان فەراهەم دەکات.**

### ٣- بنەمای ئابووری (المقوم الأقتصادي)

خێزان پێویستە لەرووی ئابوورییەوە تەواوکاری بکات بەهۆی دابینکردنی پێداویستی مادی تاکەکانی کە ڕۆژانە پێویستیانە لە ژیانی خێزانی، ئەم دابینکردنەش پێویستە هاوسەنگ بێت واتە ئەو داهاتەی دێتە دەستی لەگەڵ پێداویستییەکان بگونجێت .

ئەم بنەمایە لایەنێکی سەرەکی ژیانی خێزان دیاریدەکات، بەهۆیەوە جۆری خێزانەکان لەناو کۆمەڵگا دەستنیشاندەکرێت، بۆ نموونە پیاو بەرپرسە لە پێکهێنانی پەیوەندی خێزان واتە دابینکردنی شوێن و کۆمەڵێک داواکاری پێویست بۆیان، دوای پێکهێنانی خێزانیش ئەم بنەمایە گرنگە لە بەرقەراربوونی چونکە هەڵدەستێت بە پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی خێزان و پاراستنی بنیادی مادی، دەروونی و کۆمەڵایەتی خێزان.

**بۆیە خێزان بەهۆی ئەو داهاتە ئابووریەی دێتە دەستی دەبێت پێداویستییە جیاوازەکانی تاکەکانی فەراهەم بکات، لەوانە شوێن، خانوو، خۆراک، جل و بەرگ، بۆیە دەستەبەرنەکردنی ئەمانە گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو خێزان دروستدەکات.**

### ٤- بنەمای ئاینی (المقوم الديني)

ئایین گرنگترین بنەمایە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، چونکە تاکەکان لە رەفتارو هەڵس وکەوتییان رەچاوی ئایین دەکەن، بۆیە هەر تاکێک کە لەدایک دەبێت ئایین بە یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ژیانی دادەنێت، چونکە کاریگەری بەهێز لەسەر دەروونی تاک دروستدەکات.

ئەم بنەمایە بەهێزترین و کاریگەرترین بنەمایە لەسەر خودی تاک، چونکە کۆمەڵێک ئەرک دەخاتە ئەستۆی تاک لەبەرامبەر ئەو ئەرکانەش سزاو پاداشتی بۆ تاک دیاریکردووە. کەواتە ئاین پێویستییەکی ئەخلاقییە بۆ تاکەکان و رەفتاریان کۆنترۆڵ دەکات، لەگەڵ پێدانی کۆمەڵێک بەهای جوان بەتاکەکان لەوانە یەکسانی و ئاشتی کەواتە بەجێهێنانی ئەرکی ئاینی یارمەتیدەرە لە خۆشبەختی و ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی بۆ تاکەکان. هەروەها خێزان ئەم بنەمایە بە کاریگەرترین بنەما دادەنێت کە کەسایەتی تاک و ژیانی خێزانی بەختەوەر دروستدەکات.

**خێزان وەک یەکەیەکی گرنگ ڕۆڵ دەبینێت لە چاندنی بەهاو بنەما ئاینیەکان لە ناخی تاکەکان، لە پێناو کۆنترۆل و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان.**

**٥- بنەمای کۆمەڵایەتی (المقوم الأجتماعي)**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بنەمای جێگیربوون و ئارامی ژیانی خێزانی دادەنرێن، چونکە هاوسەرەکان کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی، یەکترقبوڵکردن، هاوکاری و قوربانیدان لە نێوانیاندا هەیە. بۆیە ژیانی خێزانی بەهۆی گونجان، بەرپرسیاریەتی، تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکان، خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، دیموکراسی لە دەسەڵات و بڕیاردان و دابەشکردنی کار، لەگەڵ ڕاهێنانی منداڵ بەو پەیوەندییانەی کە لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی دروستبوون. کەواتە گرنگترین خاڵ لە بنەمای کۆمەڵایەتی بۆ خێزان ئەو تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەن کە بوونیان هەیە لە نێو خێزاندا.

**خێزان بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی تاکەکانی، بۆیە سەرکەوتنی ژیانی خێزانی پەیوەستە بەوەی کە هەردوو هاوسەرەکە هەستبکەن پەیوەندییەک لە نێوانیان هەیە کە پریەتی لە ڕێزگرتن و متمانەو گرنگیدان، بەهۆی ئەمەشەوە سەقامگیری خێزان دەستەبەر دەبێت. چونکە خێزان پێویستی بە پەیوەندییەکی تەندروست هەیە کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هاوکاری بنیادنرا بێت، بۆیە سەرکەوتنی ژیانی خێزانی پەیوەستە بە گونجانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.**

**٦- بنەمای تەندروستی (المقوم الصحي)**

خێزان وەک ئامرازێکی بایۆلۆژی بەرپرسە لە خستنەوەی منداڵ و بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵگا بەهۆی جینات و سیفاتی بۆماوەییەوە، پێویستە خێزان لەسەر بنەمای جەستەیەکی باش و تەندروست ئامادەی خستنەوەی منداڵ بێت و بۆ ئەوەی خێزانێکی بەختەوەر بنیادبنێت، چونکە خێزان پێویستی بە تەندروستییەکی ساغ و سەلامەت هەیە بۆ سەرکەوتنی لە ژیانی. **مەبەست لەم بنەمایە تەنها لایەنی تەندروستی جەستە ناگرێتەوە، بەڵکو تەندروستی دەروونی و ژیریش دەگرێتەوە، ئەوەی لەم بنەمایە گرنگە سەلامەتی تەندروستی دایک و باوکەکەیە بۆ ئەوەی تاکێکی تەندروست بخەنەوە، چونکە هەبوونی نەخۆشی کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر یەکگرتوویی خێزان.**